چیەیەك بۆ..

# لاوان

گەوهەرانی بێ وێنە..


نوسینی:

بلال جلال آل حداد الكردی


١٤٣٣ كۆچی

==================================


لەبڵاوكراوەكانی

ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

islam_kurd_ba8@yahoo.com

07701517378

عێراق - كوردستان - كەلار

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

كتێبی ژمارە ﴿٥٨﴾ لە كتێبخانەی ماڵپەڕی بەهەشت

# پێشەکی*

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على أشرف الأنبياء والمرسلين وعلى آله وصحبه أجمعين. أما بعد:

بە دڵنیاییەوە هەموو ئاین و بانگەواز و بزوتنەوە و پارت و گروپێك ، یەکەم ئامرازێك و یەکەم ماددەیـەك کـە دەستی بۆ درێژ بکات لەبۆ بونیاتنان و پەرەپێدان و سەرکەوتنی . . . گەنج و لاوە . . !!

ئیسلامیش لە پێش هەموویانەوە و لە هەموشیان باشتر و دڵسۆزانەتر و تەواوتر دەسـتی گـەنج و لاوە خـوێن گەرم و بە ئەمەکـەکانی خـۆی دەگوشـێت و کـاری گـەورەیان پێدەسـپێرێت . . . ! ئەمـە پێـچەوانەی هـەموو ڕێبازێکی خوار و خێچ کە تەنها بەکاریان دەهێنێت . . ! یان بەشتی بچوکی دونیاییەوە دەیـان خەڵـەفێنێت . . ! ئیسلام بە تازەلاو و گەنج ناڵێت موراهیق و هەرزەکار . . ! بەڵکو دەڵێـت ئاقـڵ و پێگەیـشتوو . . !! بۆیـە لـەم تەمەنەی کە نا موسڵمانان بە شێت و بێ ئەقڵ لە قەڵەمی دەدەن، ئیسلام و موسڵمانان بە بەرپرس و ژیر نازناوی لێ دەنێن و پشتی پێدەبەستن لە جیاتی شت لێ نەگرتن و بە هەرزەکار زانینی[1] . . . ! مەگەر ئێستا کـاتی دانـانی قەڵەمی کار و ئیش لەسەر دانانی نی یە . . ؟! کەواتـە جێـی گرنگـی و بایەخـە لای موسـڵمانانی مـاف ناسـی ڕاستەقینەی ڕاستگو . . . !!

هەر لەبەر ئەم گرنگی و بایەخبوو هەستام و چپەیەکم کرد . . ! هەرچەندە ئەگـەر ڕاسـتگۆبم دانـدەنێم بـەو ڕاستیەدا کە من شایستەی ئەوە نیم کە ئەلفێك بەدەم بائێکەوە بدەم بۆ ئامۆژگاری کردن و بیرهێنانەوە . . ! بەڵام خۆمم پێ نەگیرا کە ئـەوەی بیـستوومە و فێـری بـووم لـە زانایـان و پیاوچـاکانی ئیـسلامەوە پـەنهانی بکـەم و نەیگەیەنم . . !

جا هەر کەم و کورتیەك هەبوو، بە دڵنیاییەوە لە من و نەفسی بەدکارمەوەیـە و لـە شـەیتانەوەیە، ئەگـەریش چاکی و باشیەکی تێدابوو لە خودای بەسۆز و میهرەبانەوەیە.

داواکارم خودا هەموان موەفەق و سەرکەوتوو بکات . . . لە منیشی وەربگرێت بەرەحمی خۆی.

و صل اللهم و سلم على نبينا محمد و آله و صحبه و سلم

---

* ئەم نامیلکەیە کۆکراوەی هەموو نوسراوەکانمە کە لـە بڵاوکراوەی ( زانست ) دا بڵاوکراوەتـەوە، دوای بڵاوکردنـەوەی چەند بابەتێك تایبەت بە گەنج و لاوی فێرخواز و جگـە لـەوانیش ، هەنـدێ بـرا و خۆشەویـست پێشنیاری ئەوەیان کـرد کە بەشێوەی نامیلکە بڵاو بکرێتەوە بۆ ئەوەی زیاتر و ئاسانتر پێش چاو بکـەوێت و سـودی هـەبێت ، لەگـەڵ مامۆسـتای خۆشەویستم مامۆستا عدنان بارام بابەتەکـەم تـاوتوێ کـرد ، ئـەویش پێـی پەسـەندبوو ... منـیش نـاوی خـوام لێهێنا و دەستم کرد بە ڕێکخستنی . جا داواکارم خودا حاڵی من و هەموو لایەك چاك بکات _ ئامین _ (نووسەر).

[1] زۆرێـك ، بـەڵکو نزیکـەی هـەموو زانایـانی دەروون ناسـی ڕۆژئـاوایی و هەنـدێکی لای خۆشمـان بـەو تەمەنـە دەڵـێن تەمـەنی هـەرزەکاری..! کـە پێـچەوانەی بیروبۆچـوونی ئیـسلامیە، چـونکە ئـەوە تەمـەنی پێـسپاردنی ئەرکـە ئـاینی و کۆمەڵایەتیەکانە لە ئیسلامدا نەك بە هەرزەکار دانانی.!!

www.ba8.org

# لاوان و پێگەی گرنگیان

بەڕاستی گەنج وەکو گوڵی باخچەی ژیانە ، مادەی بەرهەم هاتو و بەرهەم هێنەرە ، تەمەنی گەنجێتی کاتێکە کە لەدەستمان چوو ئەوجا ئاواتی گەڕانەوەی دەخوازین ، هەر وەکو شاعیر دەڵێت :

**خۆزگا لاوێتی هاتبایەتە پێش چاووم**

**پێم ووتبا پیری چی بەسەرا هێناوم**

بەڵام تازە تەنها هەناسەی ساردی بۆ هەڵدەکێشرێت ! جا چاکتر وایە ئەم تەمەنە پڕ بایەخە لەکیس خۆمان نەدەین ، چونکە خوای پەروەردگار پرسیاری ئەو تەمەنەمان لێدەکات کە لەچی دا بەسەرمان بردووە ؟ هیچ کەس لە نێوانی ئێمە و پەروەردگاردا نیە لەو کاتەدا .

هەر کۆمەڵگایەك پێشکەوتبێت و وەستابێتە سەر پێی خۆی یان دواکەوتوو و پەك کەوتوو و داتەپیوو بووبێت ، مەبەستم ماددەی خەڵکەکەی نیە بەڵکو هەیکەلی کۆمەڵگاکە ئیللا گەنج هۆکار و سەرمایەی بووە ، ڕوونتر بڵێین هەموو شکۆ و دەسەڵات و سەروەری و کلتور و ئەدەب و ئەخلاقی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەیە چ بە چاك یان خراب بە سیفاتەکانی گەنجی ئەو کۆمەڵگەیە دەپێورێت نەك چینەکانی تر ، چونکە هەر کۆمەڵگەیەك ژێردەستە کرابێت یان دواخرابێت ، وە یان کاولکرابێت و قات و قڕ و کوشت و بڕیش کرابێت دواجار هەر گەنجەکان پەرەیان پێی داوەتەوە بە نەوەی تازە پێگەیاندن و هەوڵی خۆیان و لەپێش هەموو ئەمانەشەوە یارمەتی خودا .

ئەم سەرزەمینەی خۆشمان کە کۆمەڵگەیەکی موسڵمانی لەسەر ژیاوە و دەژی وەکو هەر کۆمەڵگەیەکی تر خاوەنی کۆمەڵێك قیەم و ئەخلاق و ئەدەبە کە لە لای خەڵکی بێگانەی بە ویژدانەوە بە شەرم و ئابڕو و ڕێز و سۆز و جەربەزەیی و مەردایەتی وەسف دەکرێت ، جا ئێمەی فێرخوازانی ئەمرۆ خاوەنی سبەی ولاَتین، باوك و دایکی نەوەی دوارۆژین ، پێویستە بزانین ئەرکی ئەمڕۆی ئێمە تێگەیشتنێکی تەواوە لە بیروباوەری ئیسلامەکەمان و وردبوونەوە لێی و کارپێکردنی ئاینە تەواوەکەمانە، وە پێگەیاندنی خۆمان و نەوەی دوای خۆمان لەسەری و ئەدەب و هەڵسوکەوتی جوان و چاك واتای هەبوون و نەبوونی ئێمەیە ، پێشکەوتن لە بوارە دونیاییەکانیش هەر لەسەر شانی ئێمەیە . بۆچی ئێمەی گەنجی کارا و فێرخوازی زانکۆ یان پەیمانگا ؟! چونکە مرۆڤ لەم ئاستەدا گەشتۆتە تەمەنی ژیری و ئەتوانێ چاك و خراب ، پاك و پیس لەیەك جیابکاتەوە ، ئاگاشمان لێبێت هەمیشە گلەییەکان نەخەینە سەر حکومەت ـ سەرباری ئەوەی کە گەورەترین فاکتەریشە بۆ بونیات نان ـ چونکە هەر بە ڕۆشتنی کات گەنجی ئەمرۆ دەبێتە کاربەدەستی سبەی حکومەت ، جا پێوستە لەسەرمان

هەستێکی تەواو بکەین بەوەی ئێمە موسڵمانین وە ئەوەیە ناسنامەی ئێمە چونکە مێژوویەکی دێرینمان بەو ناونیشانەوە هەیە ، وە هەستێك وامان لێ بکات لە بنەوای دینەکەمان و ئەو بنچینە گرنگانەشی تێبگەین کە سەرفرازی دین و دونیاو پاشە ڕۆژمانی پێ بەدەست بێنین ، کە ئەویش باوەڕبوونە بەو پەیامەی پێغەمبەری خوا ﷺ کە سەرەتاکەی یەکتاپەرستیە ، ئەو بیروباوەرە بەرزە کە هەموو کردوەکانی بەندە پەیوەست دەکات بە خوای پەروەردگارەوە ، هەموو ویست و داوایەکی دونیا و ئاخیرەتی هەر لە خودا دەکات ، پێویستە هەریەکەمان خۆمان پتەوکەین لەسەر ئەم ڕاستیە و بزانین کەمترین گومان لەسەر دینەکەمان دەبێتە هۆی ڕوخان و هەڵکێشانی بینای ئیسلام لە دڵەکانماندا ، گرنگە کاری ورد بکەین بۆ پاراستنی بیروباوەڕمان و بوەستین لەبەردەم هەر جۆرە فکرەیەکی خورافی و بێ خوایی و ماددیەت و دونیاگەرایی ، دوای ئەمانەش خۆ ڕازاندنەوە بە هەموو ئەخلاقێکی جوان هەر بە جل و بەرگ و وتە و هەڵسوکەوتمانەوە چونکە ئەمانە پێوەری هەڵسەنگاندنی من و تۆیە ، وە داواکارم لە پەروەردگار بمانگێڕێتەوە سەر ڕاستە شەقامەکەی ئیسلام . . .

**نمونەش زۆرە بۆ لاوی بەنرخ و گەورە...!**

**لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە کە...**

# ❁ئەوان کۆمەڵە لاوێك بوون❁

سوپاسی بێ کۆتا بۆ خواوەندی بێ هاوتا ، درود و سڵاواتی زۆر بۆ پێغەمبەری دادپەروەر ، وە لەسەر ئەهل و بەیت و شوێنکەوتوانی دین پەروەر . خودایە خۆ ئێمە تەنهاو تەنها تۆمان هەیە دەسا خوایە لەم تاریکستانەی ژیانەدا نوری خۆتمان پێببەخشە ... وە پاشان :

برا و خوشکی لاوی بەئەمەك و بەتوانام زۆر جوان ڕوون و ئاشکرایە لامان ، کە خـوای گـەورە هەرشـتێك کە زۆر گرنگ و هەستیار و گەورە و گران بێت یان بووبێت ئـەوا بەدڵنیاییـەوە لـە قورئـانی پـیرۆزدا ، وە یـان پێغەمبەری پێشەوا ﷺ لە فەرموودە شیرینەکانی دا ئاماژەی بۆ کردووە ، وە هەر دەغەڵی و خراپە و گەنـدەڵی و ناشیاوییەك هەبێت یان هەبووبێت زەنگی ورياكەرەوەی لەسەر داناوە و ئاگاداری کردووینەتەوە لێی .

ئەوەتا لە سورەتی کەهف دا باسی ئەو کۆمەڵە لاوە بیرفراوان و هەست بەرز و دڵگەش و بەئاسۆ و بەئیمانانـە دەکات ، کە چۆن بە کارتۆکمەیی و جوان ڕوانی یەوە کارەکانی ژیانیان بەڕێدەکرد . . . جا تەنها وتەنها ئیمان وئامانج و بیرڕۆشنی و هەوڵدان و ڕێك کاری و جوان بینی و باش جوڵان و چاك وتن و بیرفراوانی گەیاندنیـە ئەوەی کە خوای پایە بڵند لە گەورەترین و بەڕێزترین کتێبدا باسیان بکات و بفەرموێت : ﴿ إِنَّهُمْ فِتْيَـةٌ آمَنُـوا بِرَبِّهِمْ وَزِدْنَاهُمْ هُدًى ﴾ ( الكهف : ١٣ ) ، واتە : بێگومـان ئـەوان کۆمەڵـە لاوێـك بـوون کـە بەڕاستی بڕوایـان بـە پەروەردگاریان هەبوو . ﴿ وَزِدْنَاهُمْ هُدًى ﴾ وە منیش زیاتر لـەنوری ئیمـان و ڕێنمـونیم پێبەخـشین و لەسـەر ڕێگای ڕاست و دروست سەقامگیرم کردن و سەرەنجام بەئامانجم گەیاندن .

ئـەوەی جێـی ئاماژەبێـت بـۆ ئێمـەی لاوی سـەردەمی گرجوگـۆڵی و خـاوەنی دینـی ڕەوا ، ئەوەیـە فێـری سەقامگیری بین لەسەر ئامانجی گەورە و فیداکاری بۆ شـتی بـاش و بـەردەوامی لـەکاری خێـردا ، ئامانجمـان فراوانترکەین لەوەی کە هەیە نەك هەربیر لەو شتە لاوەکییەی ژیان بکەینەوە کە ئەگەر هەر ئەوەندەش گـەورەیان نەکەین لە خەیاڵی خۆماندا ژیان بۆمانی ئەسازێنێت . . . لەبیرمان بێت هەر بیر و دین و کۆمـەڵگا و فکرەیـەك دەگریت . . . لاوان پێشەنگ ، و بزوێنەری ، و پاڵنەری بوونە ، فیداکار و بەڕێوەبەری بوونە . . . جا کەوایە با من و تۆ و ئەوی تر و ئەوانی تـریش گرنگـی و گـەورەیی خۆمـان و هاوتەمـەنانمان هەسـت پـێ بکـەین کـە هەمووان تەماشای هەوڵدان و سەنگین جوڵانی ئێمـە دەکـەن ، خۆشمـان تەرازوویـەك بـۆ کـارە گرنگـەکانی ڕۆژانەمان دابنەین .

**بە بەردەوامی نمونەیان دەمێنێت...!**

**لێرەوە... بابزانین چی یە..؟؟!**

www.ba8.org

## گەورەیی تاکی لاو..

تاکی لاو تاکی بەخشینی ژیانە ، تاکی دروێنی ئەنجامە ، تاکی هیوا و خەندە وسبەینانی پرشنگدارە ، تاکە کەرەستەی بونیادی کۆمەڵگایەکی پڕ ویژدانە ، تروسکەی شادی ئاییندە و دێڕی پەڕەنووسراوەکانی مێژوویەکی شکۆدارە ، هەر ئەم تاکەیە مێژووی دین و خاك و کۆمەڵگا و نیشتمانی پێوە جوان و پڕشنگدارە ، وە چەسپێنەری ئەمڕۆ و هێزی هەنوکە و تۆکمەیی ئاییندەیە ، هۆی سەربەرزی ڕۆڵەکانی دوای خۆیی و نەوەکانی پاشەرۆژە ، تاکێکە کە سەرچاوەی داواکاری و قوڵایی ئاسۆ و شوێنگای تاقیکردنەوە و نارەحەتی و ناسۆرییەکانە ، تاکی قوربانی و فەداکاریە ، تاکی چاکی و کارکردنە ، تاکی تازەگەری و نوێ کاری و دروست کردنە ، ئازیزان ئەم وتانە تەنها قسەی زەق و وروژێنەر نین بەڵکو مەبەست پیشاندانی ڕاستی گەورەیی و گرنگی تەمەنی لاوێتی یە . . . هەر ئەمانەشە کە کۆمەڵگا و مێژوو ئەیانەوێ لاوی بە ئامانج لە خۆی دا بەرجەستەی بکات . . . لەسەر گرنگی تۆیە پێغەمبەری خودا ﷺ لە ئامۆژگاری پیاوێکدا پێی فەرموویە : " اغْتَنِمْ خَمْسًا قَبْلَ خَمْسٍ : شَبَابَكَ قَبْلَ هَرَمِكَ ، وَصِحَّتَكَ قَبْلَ سَقَمِكَ ، وَغِنَاكَ قَبْلَ فَقْرِكَ ، وَفَرَاغَكَ قَبْلَ شُغْلِكَ ، وَحَيَاتَكَ قَبْلَ مَوْتِكَ"

واتە : یەکەم شت لەو پێنج شتە گرنگەدا ، تەمەنی لاوێتیت بەکاربهێنە پێش ئەوەی پیری بەرۆکت بگرێ . . .

هەروەها : " قال غنيم بن قيس : كنا نتواعظُ في أوَّل الإسلام : ابنَ آدم ، اعمل في فراغك قبل شُغلك ، وفي شبابك لكبرك ، وفي صحتك لمرضك ، وفي دنياك لآخرتك . وفي حياتك لموتك"[1] .

واتە : غونەیمی کوڕی قەیس فەرموی : ئێمە لە سەرەتای ئیسلامەتیدا ئاوەها ئامۆژگاری یەکتریمان دەکرد : ئەی نەوەی ئادەم، لە کاتی بێ کاری دا کابکە بۆ کاتی سەرقاڵیت، لە لاوێتیدا کاربکە بۆ کاتی گەورەیت، وە لەکاتێ کە لەش ساغی بۆ کاتی نەخۆشیت، لە دونیاشدا کاربکە بۆ دوارۆژت، هەوەها لە ژیانتدا کار بکە بۆ کاتی مردنت .

چەند جوانە بزانین گەورەیی خۆمان لە گەورەکارەکاندا بەڕێ بکەین . . . !! چەند قورسە لەنێو پەڕەکانی مێژوودا ، لە هێنانە کایەوەی نەتەوەیەکی زیندودا . . !؟ نەك وا تێگەیشتبین کە تەمەنی ڕابواردن وکات کوشتن و بێ ئامانجی و بێ هیوایی و بێ کەڵکی و بێ نرخی و کەم کاری و سستی و پەستی و نەنگی و بەرەڵاییە . . !! ، بەڵکو نمونەی لاو ، بەرزی ڕەوشت و عەقل و عیرفان و زانست و پێشقەچوون و گەورەوگرانی و ئارامگری و لێبوردەیی و کاربەردەوامی و جوڵەبەسوپاسی و گفت پاراوی و نیگا چاکی و سەنگینی و

[1] أخرجه:أبو نعيم في حلية الأولياء: ٦/٢٠٠.

www.ba8.org

دڵسۆزیە . . . ! ! بەڵێ ئەوەیە ئەرکی گەنجی هۆشیار و بەکۆشش و توانا ، کە لەم گەنجینەی تەمەنەیدا هیچ نەکات جگە لە چاکی و پاکی و باشی و سوودداری و هەڵوێستی جوان داری ، وە پشتگیری کردن لەهەق و بەندایەتی ڕاستەقینە و خواناسی و ڕێگری و بەئاگایی لە خراپە و گەندەڵی کۆمەڵگا و فەرمانکردن بە چاکەکاری و خێرکردن و بانگەواز بۆ ڕاستە ڕێگای ئیسلام .

**کە گەورەیی و شکۆمەندی خۆتت زانی..!**

**ئەی لاوی بە ئەمەك... ئەی پڕ لە هیوا... دەبێ بزانی کە..**

# گرنگی لاوان...؟!

تەواوی سوپاس و ستایشەکان بۆ پەروەردگار ، صەلاواتی زۆر بۆ سەر خۆشەویستمان پێغەمبەر ﷺ ، خودایە پەنات پێدەگرم لە تاوان گەلێك کە بمکاتە خەڵکی دۆزەخ ، وە لەسەر لێشێوانێك کە لە ڕێگەی ڕاست ونم بکات ، وە لە خراپی نەفس کە سەر شۆڕم بکات . . . وە دوای ستایشی بێ پایان لە بۆ خواوەندی بەدیهێنەر . . .

خوشکەکەم . . . براکەم . . . وەکو ڕونە لامان کە ئاینی پیرۆز ئیسلام ، ئاینێکی گشتگیر و هەمە لایەنەیە . . . وە بۆ هەموو خەڵك هاتووە . . . بە ڕەچاوکردنی هەر چین و توێژێك و هەر تەمەنێك . . . لە ناو هەموو لایەنەکانیدا . گرنگترین چینەکان لەم ئاینە بە پیزەدا چینی ئێمەی لاوە . . . هەر بۆیە پێغەمبەری سەروەر ﷺ ئاگاداری کردوینەتەوە لە گرنگێتی و ناسکی و زوو بەسەرچونی سەردەمی گەنجێتی . . . هەر بۆیە لە فەرموودەکانی دا سەرنجی ئێمەی گەنج ڕادەکێشێت و ئاماژە بە گرنگی تەمەنمان دەدات وەك ئەم فەرمودەیە کە باس لە حەوت کۆمەڵەی موژدە پێدراو بەوەی کە لە ڕۆژی دوای دا لەسایەی عەرشی خودای گەورەدا حەشر دەکرێن کە لەو ڕۆژەدا هیچ سێبەرێك نیە جگە لەو سێبەرە . . . باسی کردوی لەبەر گرنگی تۆی لاو ، لە سەرەتای ئەو حەوت کۆمەڵە خەڵکەوە باسی کردوی ، دوای حاکمی دادپەروەر . . . و کە فەرموودەکە لە ( صحیح ) ی بوخاری وموسلیمدا هاتووە و دەفەرموێت ﷺ " وشابٌ نشأ في طاعة الله " ، واتە ئەو گەنجەی کە گەنجێتی بە پەرستنی خوداوە بەسەر دەبات . . . بەڵکو لە فەرموودەیەکی تردا کە پێشەوا ( حاکم ) گێراویەتی یەوە فەرموویەتی ﷺ : " وشابٌ أفنى شَبابَهُ في طَاعَةِ اللهِ " ، واتا : لاوێك گەنجێتی لە پەرستنی خوادا دەتوێنێتەوە . . . زانایان فەرموویانە کە جیاوازی لە نێوان کوڕ و کچ دا نیە لە پەرستشدا . . . وە ئەم فەرموودەیەش پێشەوا ( حاکم ) دەیگێڕێتەوە کە پێغەبەری خوا ﷺ فەرموی : پێنج شت بە هەل بقۆزەوە بەرلەوەی دژەکانی بەرۆکت بگرن وە لە نێوانیاندا فەرمووی " شبابك قبل هرمك " ، واتە : گەنجێتیت پێش ئەوەی پیری بەرۆکت بگرێت .

بانگەواز بکە بەپێی زانیاری و توانای خۆت ، چونکە پێشەوای بانگ خوازان ﷺ دەفەرمووێ : " بلغوا عني و لو آية ".[1] ، واتە : ئەگەر ئایەتێکیش بێت لەمنەوە بیگێڕنەوە بۆ خەڵکی تر و بانگەوازی پێبکەن بۆ لای خوای گەورە . . . ئەوەشت بیرنەچێ ، پێشەوای گەنجان فەرموویەتی ﷺ " الــــدالُ على الخَـيرِ كَفاعِلِـهِ "[2] ، واتە : کەسێك ئامۆژگاری بۆ کاری چاکە بکات وەك ئەوە وایە کە کردبێتی . ئەوەشت بیر نەچێ کە

[1] ( رواه البخاري )

[2] ( السلسلة الصحيحة : ١١٦٠ )

فەرمان بەچاکە و ڕێگری لە خراپە یەکێکە لە باشترین پەرستشەکان . . . بەڵام پێش بانگەواز دەبێت زانستی بەسوودی شەرعی فێرببین و کاری پێ بکەین لەم بوارە گرنگانەدا (( بیر و باوەڕ ، قورئان ، فەرموودە شیرینەکان، فیقهی شەریعەت ، سیرە و ژیاننامە ، تەزکییە و پاککردنەوەی دەروون ، ئادابەکان، . . ))، وە بۆ ئاسانکاری ئەم خشتەیە دەخەینە ڕوو بۆ ئاسانکاری دامەزراندنی کتێبخانەیەکی بچوك تایبەت بە خۆت لە ماڵەوە ، بۆ خوێندنەوە تاوەکو بەهرەمەند بیت و بەرەو پێش بچیت . .

| بوارەکان | ناوی کتێبەکان |
| --- | --- |
| بیر و باوەڕ | ١ . بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعەت<br>٢ . خودا پەرستی نەك شەخص بەرستی<br>٣ . کێشەی تەکفیر<br>٤ . ڕووناکی یەکتاپەرستی و تاریکیەکانی شرك<br>لەگەڵ ئەوانەشدا کە لەسەر ڕێبازی ئەهلی سوونەت و فەرموودەن هەرکامەیان بێت پڕ سوود و چاکەن . |
| قورئان و تەفسیر | ١ . تەفسیری سورەتی فاتیحە<br>٢ . تەفسیری سیٚ جوزئی کۆتایی<br>٣ . تەفسیر ڕامان<br>عەرەبیەکان :<br>١ . تفسیر عشر الاخیر<br>٢ . تفسیر السعدي<br>٣ . تفسیر ابن کثیر |
| فەرموودە | ١ . سەد فەرموودە<br>٢ . چل چیرۆك<br>٣ . چەمکێك لە میراتەکەی پێغەمبەرﷺ<br>لەگەڵ ئەوانەشدا کە ناومان نەهێناوە . . . |
| فیقهی شەریعەت | ١ . پوختەیەك لە فیقهی سوننەت ( م . محمد عبدالرحمن)<br>٢ . چۆنیەتی نوێژی پێغەمبەر ﷺ (م . عدنان بارام )<br>٣ . چۆنیەتی ڕۆژوی پێغەمبەرﷺ(م . عدنان بارام)<br>٤ . چۆنیەتی قوربانی کردن ( م . محمد عبدالرحمن )<br>لەگەڵ بابەتەکانی تری کەلەسەر بەڵگە وەستاون . . . |

| | |
|---|---|
| سیره و ژیاننامه | ١ . پێغەمبەرەکەت بناسە ( م . علی خان)<br>٢ . دەمێك لە مێژووی ئیسلام ( م . علی خان )<br>٣ . گوڵاوی سەرمۆر .<br>٤ . کتێبەکانی دکتۆر الصلابي(*) ، کە زۆر بەسوودن . |
| ئادابەکان و تەزکیە | ١ . قەڵای موسوڵمان .<br>٢ . برای لاوم چۆن بەرەنگاری ئارەزووە دەبیتەوە<br>٣ . تێڕوانینی حەرام .<br>٤ . باڵاپۆشی لە ئیسلامدا .<br>٥ . زاناترین ئافرەتی دوونیا . |

جا دوعای خیر بکە بۆ خۆت و دایك و باوکت و موسوڵمانان ، ئێمەش بێ بەش مەکە لە دوعای خیرت . . . موژدەی پاداشت بەخەڵکی بدە و ئاگەداریان بکەرەوە لە نارەحەتی سزای سەخت و بەئازار . . . وە لە کۆتای دا ئەڵێم . . . خۆشم ئەوێن تەنها لەبەر خوای گەورە . . . با ئەم ژیانە تاڵە نەمان خاتە دۆزەخی لەخۆی تاڵترەوە . . .

**ئەمەش ئەوەمان فێردەکات کە...**

**هەندێ شت و ڕووداو هەن کە دەبنە..**

(*) خوێنەری بەڕێز: د.صلابی نوسەرێکی باش و ناودارە لە ڕوی مێژووی ئیسلامەوە لەم سەردەمەدا،بەڵام باش وایە تەنها سود لە کتێبە مێژوویەکانی وەربگیرێت،چونکە لەبوارەکانی تردا نەیتوانیوە بەو شێوەیە سەرکەوتوبێت..بۆیە لە ڕوانگەی بیرباوەڕ و فکر و ڕێبازەوە کتێبی تری ئەهلی سوننە زۆرە وەکو لە خشتەکە دا هاتووە خودا سەرکەوتومان بکات.آمین

www.ba8.org

## هۆکارێك بۆ دڵ پێنه‌وی..

**الحمد لله تعالى نحمده ، و نستعينه و نستغفره ، و الصلاة و السلام على من لا نبيّ بعده :**

به دڵنیاییه‌وه خوای په‌روه‌ردگار ( به‌لا ) ی له‌سه‌ر هه‌موو که‌سێك داناوه ، (به‌لا) و ( ئیبتیلا ) ش به مانای ئه‌وه‌ی که هاوشێوه‌ی تاقی کردنه‌وه‌یه به‌لام قورستر و سه‌خت تره ، هیچ که‌س له‌ده‌ستی قوتاری نابێت ، به‌لام ئه‌وه‌ی تێدایه که مرۆڤ به شتێك ئیبتیلا ده‌بێت جیاواز له که‌سێکی تر ، به‌لام هه‌ر ئه‌وه‌یان هاوبه‌شه که که‌سی له‌ده‌س قوتارنابێت – ئیمان داربێت یاخود کافر – هه‌ر ده‌بێ توشی ئیبتیلا ببێت له‌م دونیایه‌دا .

وه پێغه‌مبه‌ری خواش ﷺ له فه‌رمووده‌یه‌کی ( صحیح ) دا وێنه‌ی چێوه‌ی چوارگۆشه‌یه‌کی کێشا ، دواتر هێڵێکی درێژی کێشا تاوه‌کو ده‌ره‌وه‌ی چوارگۆشه‌که ، ئه‌وجا چه‌ند هێڵێکی کورتی له ناوه‌وه‌ی چوارگۆشه‌که‌دا کێشا که ده‌وری هێڵه درێژه‌که‌یان دابوو ، دوای ئه‌وه ئاماژه‌ی بۆ چوارگۆشه‌که کرد و فه‌رمووی : " ئه‌مه ئه‌جه‌لی به‌نی ئاده‌مه و گه‌مارۆی داوه ، ئه‌وجا ئاماژه‌ی بۆ هێڵه درێژه‌که کرد و فه‌رمووی : ئه‌مه هیواکانیه‌تی _ هیواکانی پێویستیان به چه‌ند جاره‌ی ته‌مه‌نی هه‌یه _ ، دواتر ئاماژه‌ی به هێڵه کورته‌کان کرد له ده‌وروبه‌ری ئه‌م هێڵه درێژه و فه‌رمووی : ئه‌مانه له‌مپه‌ره‌کانی رێگه‌ین که ئه‌گه‌ر له‌مه‌یان رزگاری ببێت ئه‌وی تر ده‌ی هه‌ژێنێت " .

به واتا : مرۆڤ له دونیادا له له‌مپه‌ر و ناره‌حه‌تی و به‌لا و له فیتنه‌ش قوتاری نابێت . . ! وه به‌دڵنیاییه‌وه یه‌کێك له گه‌وره‌ترین سووده‌کانی توشبوونی به‌لا ئه‌وه‌یه که دڵ به‌هێز و پته‌و ده‌کات ، چونکه دڵ به‌راستی پێکهاته‌ی مادده‌ی له به‌لا و ئیبتیلایه ، هه‌ر له‌به‌ر ئه‌مه‌شه خودا ئیبتیلای بۆ په‌یامبه‌ران و ئه‌ولیاکانی داناوه . . !

بۆچی پێغه‌مبه‌ر موسا (عليه السلام) که له‌شار ده‌رده‌چوو به‌ترس و چاوه‌دێریه‌وه ده‌چوو . . . ؟!

بۆ چی پێغه‌مبه‌ری خودا ﷺ که له مه‌ککه‌وه بۆ مه‌دینه ده‌چوو خۆی له ئه‌شکه‌وتێکی بچوکدا حه‌شاردا . . ؟!

بۆچی ئازار تووشی ئیمان داران ده‌بێت له‌کاتێکدا که دۆست و خۆشه‌ویستی خودان . . ؟!

له ڕاستی دا چونکه مادده‌ی دڵ له میحنه‌ت و ناره‌حه‌تی یه ، هه‌ر له‌به‌ر ئه‌مه‌شه ده‌بینی لاوازترین دڵ دڵی ئه‌وانه‌یه که خۆشگوزه‌رانن و خۆش ڕاده‌بوێرن ، که‌چی خه‌ڵکانی به‌لادار و ناڕه‌حه‌ت خاوه‌ن به‌هێزترین دڵن . . !!

هه‌روه‌ها مرۆڤ له دواڕۆژدا به پێی دڵی کێشانه ده‌کرێت نه‌ك به‌پێی هه‌یکه‌ل و جسمی . . . !!

ئه‌وه‌تا پێغه‌مبه‌ر ئیبراهیم _ عليه السلام _ داوا له خودا ده‌کات ، وه‌ك خودا له قورئاندا دوعاکه‌ی تۆمارکردووه : ﴿وَلَا تُخْزِنِي يَوْمَ يُبْعَثُونَ (٨٧) يَوْمَ لَا يَنْفَعُ مَالٌ وَلَا بَنُونَ (٨٨) إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ﴾ (الشعراء: ٨٧-٨٩) ، واته : ـ خودایا ـ سه‌رشۆڕم نه‌که‌ی له‌و ڕۆژه‌ی که زندو ده‌کرێنه‌وه ، له‌و ڕۆژه‌ی که ماڵ و منداڵ

سودێك ناگەیەنن ، مەگەر كەسێك بە دڵێكی ساغ و سەلامەتەوە هاتبێتە لای خودا . بەڵێ بەڕاستی دڵی تەندروست لەو رۆژە دژوارەدا كەڵكی هەیە بۆ مرۆڤ . . !!!

رۆژێك عەبدوڵلای كوری مەسعود دەچێتە سەر درەختێك ، هاوەڵانیش بینیان و پێكەنین ، جا پێغەمبەریش ﷺ فەرموی : " چی ئێوەی هێناوەتە پێكەنین ؟ وتیان : ئەی پەیامبەری خودا . . ! بە باریكی و لەڕی لاقی پێدەكەنین ، ـ چونكە ئیبن مەسعود زۆر لەڕبوو ، بە جۆرێك كە ئەگەر بایەكی توند هاتبا دەترسا بیخاتە ئەم لا و ئەولادا . . بۆیە كە رۆشتە سەر درەختەكە پێی دەركەوت ، ئەوانیش پێی پێكەنین ـ ، بۆیە پێغەمبەریش ﷺ فەرموی : بەو زاتەی گیانی منی بەدەستە ئەوانە – هەردوو پێی – لە تەرازوودا – قیامەت – لە كێوی ئوحود سەنگین ترن " . . . ئەمەش لەبەر ئەوەیە كە خوای پەروەردگار لە رۆژی دوایی دا مرۆڤەكان بە پێی دڵ و ئیمانیان دەكێشێت نەك جسم و روخساریان . . !!

خۆشەویستان ئیبتیلا كردنی ئیمانداران بە لەدەستدانی گرنگیەكانیان یان بە نەخۆشی و نەداری و بە نەهاتنەدی ئاواتەكانیان، بۆ دەركەوتنی ئیمانداری ڕاستەقینەیە لە كەسانێك كە بە ڕووكەش ئیمانیان هێناوە . . ! ئەوەتا خودا دەفەرموێت : ﴿ أَحَسِبَ النَّاسُ أَنْ يُتْرَكُوا أَنْ يَقُولُوا آمَنَّا وَهُمْ لَا يُفْتَنُونَ ، وَلَقَدْ فَتَنَّا الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ فَلَيَعْلَمَنَّ اللَّهُ الَّذِينَ صَدَقُوا وَلَيَعْلَمَنَّ الْكَاذِبِينَ ﴾ (العنكبوت:٢-٣).

واتە : ئاخۆ خەڵكی – بەتایبەت موسڵمانان ـ وایان داناوە كە دەست بەرداركراين كە بڵێن ئیمانمان هێنا و ئیتر توشی فتنە و بەڵا نەكرێن . . . !؟ بە دڵنیاییەوە ئەوانەی پێشترمان توشی تاقیكردنەوەی سەخت ( فیتنە ) كرد ، بۆ ئەوەی خودا بزانێت – سەرەڕای زانستی ئەزەلی كە هەر زانیویەتی ، بەڵام بۆ دەرخستنی راستی – كامانەیان ڕاستگۆن و گامانەیان درۆزنن لە ئیمان هێنانیاندا .

سەرباری ئەمانەش ، خودا دەرگای ڕەحمەت و میهرەبانی بەڕوی بەندەكانی دا داناخات ، بەڵكو خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت : ﴿ وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجعَل لَهُ مَخرَجًا . وَيَرزُقهُ مِن حَيثُ لاَ يَحتَسِبُ ﴾ (الطلاق:٢-٣) .

واتە : هەركەس تەقوای خودای هەبێت ئەوا خودا دەروی لێدەكاتەوە ، وە رزق و رۆزیشی بەجۆرێك دەدات ، كە هەرگیز حسابیشی بۆ نەكردووە كە بەوشێوەیە زۆزی دەست بكەوێت .

جا هەوڵدان و بەردەوامی لەسەر هەوڵدان بۆ گەشتنە تەقوا و خۆشەویستی خودا ، دڵ پەیوەستبوون و دەم بە یادبوون و جەستە و دڵ ئامادەبوون لەكاتی پەرستشدا ، هۆكارن بۆ كردنەوەی دەروی خێر و دەروی نەجات و سەرفرازی دونیا ودوارۆژ . .

ئەگەر وردبینەوە لە چیرۆکە قورئانیەکان، ئەوسا دەبینین کە خوای پەروەردگار بەندە چاکەکانی لە توندترین و نارەحەتترین هەل و مەرجەکانی ژیان. . . !! لە دەستی زاڵمان و دڵ ڕەقان. . . !! لە ناخۆشی و نەخۆشی و ناهەمواریەکانی ژیان. . !! لەهەر شتێك کە ئازاری تێدابێت بۆیان. . ! چۆن بەتەواوی و جوانی و ڕەحمی خۆی نەجاتی دان و سەرفرازی دونیا وقیامەتی کردن. . ؟!

ئاخۆ دەمانەوێ بگەینە ئەو ئاستە بەرزەی ئیمان. . !

**دڵ بتەو بە بەرامبەر هەموو پێشهاتەکانی ژیانت..**

**بەڵام ..؟!!**

**لەگەڵ ئەویشدا جیاوازی بکە لە نێوان..**

www.ba8.org

# ﴿ پێشکەوتن خوازان و دواکەوتن خوازان ﴾

الحمد لله رب العالمين ، وصلاة والسلام على إمام المرسلين ، وعلى آله و صحبه الغر الميامين ، وبعد :

ئازیزانم پێش هەموو شتێك باشترین ڕوون کردنەوە بۆ ئەم وشانەی سەرەوە گەڕانەوەیانە بۆ سەر ئەو زمانەی کە ئەم وشانەیان بەسەردا سەپێنراوە بۆ ئەوەی مافی خۆی بدەینێ لە ڕوونکردنەوەدا ، کە ئەویش زمانی عەرەبی یە ، ئەم دوو وشە لە زمانی عەرەبیدا واتە ( التقدمية و الرجعية ) ، وشەی " الرجعية " وەکو ( ابن المنظور ) لە ( لسان العرب ) دا هێناویەتی و دەڵێت : چاوگەکەی تێنەپەڕە و واتاکەشی ئەوەیە کە بڵێی بەکەسێك : گەڕاندمەوە بەگەڕانەوەیەك ، گەڕایەوە بە گەڕانەوە . مەبەستی ئەوەڵ و ئەخیر لەم وشەیەدا گەڕانەوەیە بۆ دوا ، بۆ کۆن .

وە لەم سەردەمەی خۆماندا بە واتای گەڕانەوە بۆ کۆن و دواکەوتوویی و نەفامی و نەزانی و . . . بەکاردێ ، کە مرۆڤ بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کوێرەوەری و زوڵم و جەور و ستەم و خورافات و تروهات و هەموو پەككەوتن و شپرزی و داماوی و کەساسیەك .

وە ئەم مانایانەش دەبیستن لە زاری خەڵکی خۆیەوە !!! بەڵام با بیشزانین وشەکە لە لایەن ئەوروپیەکانەوە بەکارهێنرا بەرامبەر بە پیاوانی کەنیسە و لەلایەن ئەو کەسانەی کە بیریاری زانستی فیزیکی و بیرکاری و فەلەکی بوون . بەداخەوە دوای ئەوان چاو بەستراوانی نێو مۆسڵمانانیش بێ یەك و دوو وشەکانیان هێنا و بەکاریان هێنا بە پەرچی ئیسلامدا دایانەوە .

بێ ئەوەی بەراوردی جیاوازیەکانی نێوان ئەو دینەی کەنیسە بەرپای دەکرد و ئەوەی ئیسلام بەرپای دەکات لە واقعی ژیاندا .

با گوێ لە کەسێکی خاچ پەرست بگرین جیاوازیەکان باس بکات : جوزیف مکیب لە کتابی ( مَدَنِيَّةُ العربِ فِي الأندلس ) دا دەڵێت : ئەو کاتەی کە موسوڵمانان هاتنە رزگارکردنی ئەندەلوس خەڵکی خاچ پەرستی ئەو وڵاتە هیچ نەزان و کوێرەوەر و روخاوی ئەخلاقی و نەخوێندوار و دڕندە و زەلیل و ڕەزیل و زاڵم و بەربەری بوون ، ئەوەی واتای مرۆڤایەتی بێت نەیان بوو ، هەندێکی زۆر زۆر کەم نەبێت خوێنەواریان تیا نەبوو ، بەڵام موسوڵمانەکان لەوپەڕی هەیبەت و فام و دانایی دا هاتنە ئەو وڵاتەوە ، هەم دینەکەیان بانگەوازی بۆ سەلامەتی حاڵ وماف و ژیان دەکرد هەم خۆشیان ژیر وشیك وپتەوحاڵ بوون .

هەر ئەم نووسەرە دەڵێت : بەڵام ئەوەی جێی باسە خاچ پەرستەکان تەنها ڕێگەیەك بۆ سەرکەوتنیان ئەوەبوو کە شوێنی زانست و بیر و دانایی موسوڵمانان بکەون کە کردیان ، ئەوەبوو دەهاتنە لای موسوڵمانان بۆ فیربوونی خوێندەواری و دواتر زانستەکانی تریان وەرگرت بە تێپەربوونی کات و پێشکەوتن .

جا ئیسلام گەورەترین دینی پێشکەوتنە ، دژی کۆنە پەرستی و دواکەوتوویە و بانگەشەی بەرەو پێش چوون دەکات بەمانا ساغەکەی ، بەڵام دوژمنانی ئەم دینە هێرشی ئەکەنەسەر بەنێوی ئەوەی کە دینی دواکەوتوویە ، کە مەبەستیان گەڕانەوەی خەڵکە بۆ دواوە و دواکەوتوویی بەهۆی دینی ئیسلامەوە .

بەڵام لە ڕاستی دا هەموو پەیوەست بوونێك بە ڕابردووەوە دواکەوتووی و کۆنەپەرستی نیە ، وە هەموو لاف وگەزافیکی تازەیش واتای پێشکەوتن نیە ، بەڵکو پێویستە سەنگی هەموو شتێك بە تەرازووی ڕاستی و واقعی و دەرەنجامی شتەکە بپێوین .

جا ئەگەر مانەوە لەسەر ڕابردوو تەقلید و سەهۆڵبەند و کوت و متی هەڵە کردنەکان بێت کە شوێنەوار و دەرەنجامەکەشی دیارە ، ئەوە بەڕاستی شایستەی ڕەتکردنەوە و حاشا لێ کردنە ، نەك لەبەر ئەوەی کۆنە بەڵکو لەبەر ئەوەی باتڵ و خراپ و گەندەڵە و بۆماوەیەکی نەنگە .

تازە و تازەگەریش ئەگەر بونیاد نرا لەسەر حەق و ڕاستی و چاکی و چالاکی و پاکی ، کە ئەمیش دەرەنجامی خێر و چاکە و ڕێز و پێشکەوتنی هەیە یان هیچ نەبێت کەم و کورتی پێ کەمتر دەبێتەوە ، ئەوە پێویستە وەربگیرێت و مانای پێشکەوتنیشە ، نەك لەبەر ئەوەی تازەیە بەڵکو لەبەر ئەوەی چاکە و باشە و دەرەنجامی باشی هەیە لە بیروباوەڕ و ئیمانیشدا .

ڕوونە وەك ڕووناکی خۆر کە قورئانی پیرۆز و ڕێبازی ئیسلام فەرمان بە پێشکەوتنی ڕاست و دروست دەدات ، هەر لە داوێن پاکی و دادپەروەری و چاکەکاری و یارمەتی نزیکان و خۆ ڕاهێنان بۆ بەرەنگاری خراپە و ئاگادارکردنەوەی خەڵکی لە نەنگی و دوژمن نەکردنە پێشەنگ و نەکردنی بە سەردار ، پێچەوانەی زەمانەی عەجایەبات . . . !! وە ڕێکخستی دەوڵەت و کاروبار و ئیشی خەڵکی و پێشکەوتنی زانست و بیرو هزری موسوڵمانان و ئاوەدانی خاك و ژیان . . .!!

جا ئیسلام زانستی چاك و سودمەند و ئامێر و داهێنانە تازە و چاکەکانی حەرام نەکردووە وەك ئەوەی کەنیسەی ئەو کاتە کردیان ، یان فەرمانی نەکردووە بە گەرانەوە و لەسەر ڕابردووچوون لەهەموو بوارەکانی ژیاندا ، کە بەراستی کاری ئەوها هی کەنیسە و کاهینەکانە ، تاکو کەسێك بێت و بڵێت ئیسلام کۆنە پەرستیە[١] .

لە کۆتایی دا ئەکرێت بڵێین ئەم دوو وشە لە زاراوە تازەکانە و مشت ومڕیشی ناوێ و ناشیەوێ لاوانی ئیسلام لێکۆڵینەوەی مێژوویەکی دوور و درێژی بۆ بکەن ، کە بەڕاستی قسەو باسە جیاوازەکان لەسەری کۆك نابن چونکە بە ئەندازەی بیر و بۆچوون و بیردۆزە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان قسەی تیایە . بەڵام ڕونە لای

[١] ( الأجوبة المفيدة لمهمات العقيدة )

www.ba8.org

لاوانی موسوڵمان کە وشەی ( پێشکەوتن خواز ) ئێستا وا بۆمان ئەنوێنرێت کە تەنها ئەوەیە لە ئەوروپادا دەکرێت ، ( دواکەوتن خواز ) یش هەموو پەیوەست بوونێکە بە ئیسلامەوە[1] .

کە بەداخەوە ئەوان لەکاتی ڕۆشتنی ئیسلام بۆ ولاتەکانیان وای لیٚ نەکردن واز لە دین و قیەمەکانی خۆیان بهێنن بەڵکو تەنها زانستی ئەو سەردەمەی موسوڵمانانیان وەرگرت و دین و ئەخلاق و داب ونەریتی خۆیان پاراست ، پێچەوانەی ئەم سەردەمە هەرەج و مەرەجەی خۆمان کە موسوڵمانان ئەچن بە نێوی تازە پەرستی و پشتکردن لە کۆنەپەرستی یەوە ئەخلاقی کۆن و ڕزیو و کلتوری ڕووت و بی مەنهەجی و پەستی و روخاوی هەرچی بەها بالاَکانی ئەوانمان بۆ نمایش دەکەن و زانستەکانیشیان هیچ . . . !! ، ناکەن بیربکەنەوە با ئێمە دین و ئەخلاق و پاکی و پاراوی خۆمان بپارێزین و زانستەکانی ڕۆژگاریش بە دەست بێنین .

نمونەی کۆتایشم بۆ بیرکردنەوەی گەنجانی خوێندەواری ولاتەکەم ئەوەیە : سەیری یابان و چین و کۆریا بکەن ئەو هەموو زانست و تازە گەرییە دونیایی ئەوانی جوان کردووە وای لە خەڵکی ئەو ولاتانە نەکردووە پەرستاگانیان چۆڵ بکەن و بڵێن بەخوا ( بودا یان پەرستگای شاوڵین ) نەیهێشت ئەو ماوەیە پێشکەوین ، ئێستا پشتمان کردووەتە ( بودا یان پەرستگای شاوڵین ) بۆیە پێشکەوتووین ؟!

جا ئەوان پشت لە ئەو هەموو خورافاتەی خۆیان ناکەن و حاشا ناکەن لە دینی باتڵی جگە لە الله بەرستی خۆیان، ئیتر ئێمە لە پای چی . . !؟ دوای ئەو هەموو سەروەریە شەرم بکەین لە وەی کە دین داربین و زانست خواز و پێشکەوتووش بین . . ؟!

**سەرباری ئەمەش..!!**

**وریابە برام... خوشکم.. دوژمنانمان نەخەوتوون..!!**

**بۆ نمونەش..**

---

[1] ( الإسلام والحضارة الغربية ، ص : ١٢١ ).

## ﴿بانگەواز بۆ خاچ پەرستی﴾

### هۆکاری مێژوویی

الحمد لله ، والصلاة و السلام على رسول الله ﷺ : **و بعد:**

هەندێك جار لێرە و لەوێ دەبیسین کە هەندێك لاوی تێنەگەشتووی موسوڵمان بوون بە خاچ پەرست و خاچیان لە ملیان ناوە ، منیش بە پێویستم زانی چەند دێرێك لە سەر ئەو بابەتە ئامادەبکەم . . .

کاتێ کە سوپای یەك خوا پەرستان و هەڵگرانی وشەی ( لا إله إلا الله ، محمد رسول الله ) گەیشتنە سوپای سێ خوا پەرستان و هەڵگرانی وشەی (مەسیح ، مەریەم ، باوك ) هەر خوان . . . !! ـ پەنامان بە خوا ـ ، لەسەر زەمینی شامدا ، تاکو ئێستاش ململانێی نێوانمان بەدەوامە ، بەڵکو بەدەوام دەبێت تا ئەو کاتەی مسیح (عیسا (عليه السلام ) ) دێتەخوارەوە و خاچەکەیان دەشکێنێت و بەراز دەکوژێت و حوکم بە ئاینی ئیسلام دەکات ، چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : " والذي نفسي بيده ليوشكن أن يترل فيكم ابن مريم ﷺ حكما مقسطا فيكسر الصليب ، ويقتل الخترير ، ويضع الجزية ، ويفيض المال حتى لا يقبله أحد "[1] .

واتە : بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە دەبێت کوڕی مەریەم ( عیسا عليه السلام ) دابەزێت بۆ ناوتان بە حوکمێکی دادپەروەرانەوە ئەوجا خاچ دەشکێنێت ، بەرازیش دەکوژێت ، و جزیەش دادەنێت ، وە پارە و پولیش ئەوەندە زۆر دەبێت کە کەسێك نیە وەریبگرێت .

ئەم بەربەرەکانێیەش بەم شێوەیە بوو کە چوار هۆکار لە خۆ دەگرێت :

**هۆکاری یەکەم** : توڕەبوونی سەڵیبیەکان لە شکستی خاچ پەرستان لە شام ، چونکە بووە هۆی ڕزگاربوونی خەڵکی لەدەستی پیاوانی کەنیسە بۆ ئازادی تەنها خوا پەرستی . ئەمەش ڕق و قینی خاچ پەرستانی بەرامبەر ئیسلام زیاتر کرد .

**هۆکاری دووەم** : دڵ پڕ لە ڕقبوونی ئەوروپا کە پڕە لە قین و خوێن مژین و پیاوکوژی ، کە هەردەم ویستوویانە وڵاتانی موسوڵمانان ژێردەستەبکەن لە دوای شکستی هێزەکانیان لە ماوەی دوو سەدەی جەنگی خاچ پەرستان ، کە تاکو نێو جەرگەی ئەوروپا بران و شکێنران .

**هۆکاری سێیەم** : ململانێی کوێرانەیان بەهۆی کتێبە نووسراوەکانی خاچ پەرستان ، دژی کتێب و بانگەوازی ئیسلامی لە نێو خەڵکی دا ، بۆیە ویستیان ئیسلام ڕیشە کێش بکەن . لە سەدەی ناوەڕاست ویستیان ببنە هۆی سەرخستنی نەزانی و دواکەوتووی لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی گومانی بیروباوەڕی ، بەڵام سوپاس بۆ خوا ئەم سێ قۆناغە هیچ بەرهەمێکی بۆیان نەبووە . . . !!

---

[1] ( صحيح مسلم ، كتاب الإيمان : ٢٤٢).

www.ba8.org

**هۆکاری چواره‌م** : هه‌ڵچوونیان به‌ هۆی ڕزگـار کردنـی ( قـسطنطينية ) ، گرِیـان تێبـه‌ربوو ، چـاوه‌کانیان کوێربوو ، له‌ ئاست بینینی تاکه‌ موسوڵمانێکیشدا ، وه‌ بـێ ئـه‌نجامی سـێ هۆکـاری پێـشتر و دوای ناوچـه‌ی (قسطنطينية ) وای لێکردن که‌ هه‌موو هه‌وڵێکیان بخه‌نـه‌ گـه‌ڕ بـۆ سـه‌رکه‌وتنیان به‌سـه‌ر موسـوڵماناندا ، وه‌کـو پێشخستنی خۆیان بۆ خوێندنه‌وه‌ی خه‌ڵکی موسوڵمان و قۆستنه‌وه‌ی هه‌ندێ ته‌نگی کـه‌ تووشـی موسـوڵمانان بوو ، تاکو گه‌شتنه‌ ئه‌وه‌ی که‌ ئه‌مڕۆ ده‌یبینین لێیان . . . !!

وه‌ له‌دوای چه‌وساندنه‌وه‌ی هه‌ندێ ولاَتی موسڵمانان ، ده‌ستیان دایه‌ هێنانی ـ به‌ناو یارمه‌تی ـ به‌ناوی خاچی سور و هه‌ندێ له‌و ڕێکخراوانه‌ی خۆیان ، تاکو هه‌رکه‌س له‌گه‌ڵیانـدا بێـت ژیـان خـۆش و بێهوشـی کـه‌ن . مه‌گه‌ر که‌سێ خوا پاراستبێتی لێیان . جاك مندلسون وتی : هه‌رکات لاوانی ئه‌فه‌ریقام ده‌بینی وام ده‌زانـی ئـیتر چیرۆکه‌ کۆنه‌که‌یان بیرچووه‌ . به‌لاَم بینیم : بانگـه‌وازکارانی خـاچ په‌رسـتی پێیـان وتـین ، ئه‌مانـه‌وێ فێـری په‌رستشتان بکه‌ین، وتمان ئێمه‌ش حه‌زمان له‌ په‌رستشه‌ ، پێیان وتین که‌ چاوه‌کانمان داخه‌ین ، دامان خست و فێریـان کردین ، به‌لاَم کاتێك چاومان کرده‌وه‌ ، کتێبی ئینجیل به‌ده‌ستمانه‌وه‌ درابوو ، ولاَتیشمان داگیر کرابوو[1] .

ئه‌مه‌یه‌ خاچ په‌رستی دڵ نه‌رم و به‌سۆز که‌ منالاَنمـان فێرده‌کـات و ده‌رمـان ده‌داتـه‌ ده‌رده‌دارانمـان و کتێبـی فیکـری خۆیانمان پێشکه‌ش ده‌که‌ن . ئه‌مه‌ش جگه‌ له‌ پرۆسه‌ی به‌ خاچ په‌رستی کردنـی موسـوڵمانان هـیچی تـر نیـه‌ . . . !! یه‌سوع په‌رستان ده‌ڵێن : هه‌ر ئێمه‌ین میراتگری خاچ په‌رستان ، ئێمه‌ین ده‌گه‌ڕێینه‌وه‌ ژێرڕه‌شماڵی بـه‌خاچ پـه‌ رسـتی کردن و پشتگیری خاچ په‌رستان[2] .

پاشان ئه‌م خاچ په‌رستانه‌ هه‌وڵیان خسته‌ گه‌ڕ له‌گـه‌ڵ بالاَده‌سـتی سیاسـی و سـه‌ربازی ئـه‌وروپا بـۆ ده‌سـت به‌سه‌راگرتنی ولاَتانی موسوڵمانان و شان به‌ شانی هێزی سه‌ربازی و سیاسی ده‌ستیان دایه‌ بانگـه‌واز بـۆ خـاچ په‌رستی ، هه‌رگیز ڕازیش نـابن لێمـان تـاوه‌کو نه‌مانکه‌نـه‌ شـوێنکه‌وته‌ی خویـان . ئـه‌وه‌تا پـه‌روه‌ردگارمان ئه‌فـه‌رمووێ : ﴿ وَلَن تَرْضَى عَنكَ الْيَهُودُ وَلاَ النَّصَارَى حَتَّى تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ قُلْ إِنَّ هُدَى اللّهِ هُوَ الْهُدَى وَلَـئِنِ اتَّبَعْـتَ أَهْوَاءهُم بَعْدَ الَّذِي جَاءكَ مِنَ الْعِلْمِ مَا لَكَ مِنَ اللّهِ مِن وَلِيٍّ وَلاَ نَصِيرٍ ﴾ (سورة البقرة : ١٢٠ ) .

چاوت لێبێ نه‌وه‌ی بیر ڕوناکی ئیماندار په‌روه‌ردگار فـه‌رمووی : هـه‌رگیز جـوو و گـاور لێـت ڕازی نـابن تاوه‌کو شوینی میلله‌تی ئه‌وان نه‌که‌وێت، تـۆش بلـێ ڕێگـاو ڕێبـازی خـودا تاکـه‌ ڕێبازه‌که‌یـه‌ ، ئه‌گـه‌ریش شـوێنی ئاره‌زووی ئه‌وان بکه‌ویت له‌دوای ئه‌وه‌ی له‌و زانسته‌ی بۆت هاتووه‌ ، ئه‌وا له‌لایه‌نی خوداوه‌ نه‌ خۆشه‌ویستیت ده‌مێنێ و نه‌ سه‌رخستنیش !!!

ولاحول ولا قوة إلا بالله . .

**به‌لاَم گرنگه‌ ئاگامان له‌وه‌ بێت و بزانین...له‌باره‌ی..**

---

(1) ( رسالة في الطريق إلى ثقافتنا ، تأليف الأستاذ محمود محمد شاكر ) .

(2) ( حقيقة التبشير تأليف أحمد عبد الوهاب ) .

## ناسین و ئامانجەکانیان..

**پێناسەی بە خاچ پەرست کردن** : بریتی یە لە بانگکردنی خەڵك بۆ پەرستنی خاچ و چوونە نێو دینی خاچ پەرستان ، ئەوەی وەڵامیان نەداتەوە دەرچووە لە دینەکەیان ، بەتایبەت موسوڵمان [١] .

یان : بزوتنەوەیەکی ئاینی سیاسی خاچ پەرستانەیە ، لە پاش شکستی جەنگی خاچ پەرستان سەری هەڵداوە [٢] ، و لە نێو هەموو گەلانی دونیا بەگشتی و گەلانی موسوڵمان بەتایبەتی دەستی داوەتە بانگەشەکردن ، بەمەبەستی ژێردەستە کردنی ئەم نەتەوانە [٣] .

ئامانجیان : پەروەردگارمان ئاگاداری کردوینەتەوە کە ئەوانە بێباوەڕن بە بەڵگەکانی خوا ، وە بێ بەڵێنن ، وە بکوژی پێغەمبەرانن و مۆر دراوە بەسەر دڵیاندا و کەمێکیان نەبێت ئیمان ناهێنن بە ئاینی پارێزراوی ئیسلام . هەروەك خوا ئەفەرموێ :

﴿ فَبِمَا نَقْضِهِمْ مِيثَاقَهُمْ وَكُفْرِهِمْ بِآيَاتِ اللَّهِ وَقَتْلِهِمُ الْأَنْبِيَاءَ بِغَيْرِ حَقٍّ وَقَوْلِهِمْ قُلُوبُنَا غُلْفٌ بَلْ طَبَعَ اللَّهُ عَلَيْهَا بِكُفْرِهِمْ فَلَا يُؤْمِنُونَ إِلَّا قَلِيلًا ﴾ ( سورة النساء: ١٥٥ ) . واتە : ئەوجا لەبەر پەیمان شکاندنیان و باوەڕنەبوونیان بەنیشانەکانی خوا و لە ناهەق کوشتنی پێغەمبەران و گوتەیان : ئێمە دڵمان داخراوە ، نا دڵیان دانەخراوە ، هەر خوا خۆی دڵی مۆر کردون چونکە خەڵکانێکی نالەبارن ، ئیتر بەشێکی کەمیان نەبێت باوەڕ ناهێنن .

ئەتوانین ئامانجەکانیا پۆلێن بکەین بەم شێوەیە :

١ . لادانی خەڵکی لەسەر ڕێگای ڕاستی ئیسلام ، بەڵگەش : ﴿ يَشْتَرُونَ الضَّلَالَةَ وَيُرِيدُونَ أَنْ تَضِلُّوا السَّبِيلَ ﴾ ( سورة النساء : ٤٤ ) .

٢ . بۆ ئەوەی دینی پەروەردگار خوار بکەن و پشتگوێی خەن و بێ سەروبەری بکەن ، بێ ئاگا لەوەی ئاینی ئیسلام خوا خۆی دەیپارێزێ و زایەی ناکات [٤] ، وەك ئەفەرموێت : ﴿ الَّذِينَ يَسْتَحِبُّونَ الْحَيَاةَ الدُّنْيَا عَلَى الْآخِرَةِ وَيَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ وَيَبْغُونَهَا عِوَجًا ﴾ ( سورة إبراهيم : ٣ ) .

٣ . بۆ ئەوەی موسڵمانان شوێنیان بکەون بەڵگەش : ﴿ وَلَنْ تَرْضَى عَنْكَ الْيَهُودُ وَلَا النَّصَارَى حَتَّى تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ ﴾ ( سورة البقرة: ١٢٠ ).

---

[١] أصول التنصير في الخليج ، تأليف هـ. كونوي زيقلر ، ترجمة مازن مطبقاني ، ص: ٧.

[٢] **هەندێك لە نووسەران وا دەبینن ، لەو سەردەمەوە دەستیان پێ کردووە .**

[٣] الموسوعة الميسرة ، ص : ١٥٩.

[٤] **بڕوانە** : تفسير ابن كثير ، جـ٢ ، ص : ٥٢٢ .

www.ba8.org

٤ . ئەیانەوێ میللەتانی موسڵمان هەڵگەڕێننەوە لە دینە ڕاستەقینەکەیان ، پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ وَدُّوا لَوْ تَكْفُرُونَ كَمَا كَفَرُوا فَتَكُونُونَ سَوَاءً ﴾ (سورة النساء : ٨٩) هەروەها : ﴿ وَدَّ كَثِيرٌ مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَوْ يَرُدُّونَكُمْ مِنْ بَعْدِ إِيمَانِكُمْ كُفَّارًا حَسَدًا مِنْ عِنْدِ أَنْفُسِهِمْ مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ الْحَقُّ ﴾(سورة البقرة: ١٠٩) .

٥ . جەخت کردنەوە لەسەر ئەوەی کە هۆکاری ئازاردانی موسوڵمانە ، و دەبێتە هۆی قورس کردنی ژیانیان ، و فەسادکردنی ڕەوشی ژیانیان ، پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَتَّخِذُوا بِطَانَةً مِنْ دُونِكُمْ لَا يَأْلُونَكُمْ خَبَالًا وَدُّوا مَا عَنِتُّمْ قَدْ بَدَتِ الْبَغْضَاءُ مِنْ أَفْوَاهِهِمْ وَمَا تُخْفِي صُدُورُهُمْ أَكْبَرُ ﴾ (سورة آل عمران: ١١٨) .

٦ .ئاشوب دروست کردن بۆ موسڵمانان ، و فێڵ لێ کردنیان ، و ژێرخستنیان ، و پەك خستنی دینیان ، ئەگەر بەتەواویش ئەمەیان بۆ نەچێتە سەر هیچ نەبێت ماوەیەك بخایەنێ[١]

پەروەردگار ئەفەرموێ : ﴿ يَبْغُونَكُمُ الْفِتْنَةَ ﴾ (سورة التوبة: ٤٧) .

دەبینین هەرکاتێك بانگخوازانیان نوسراو بڵاو دەکەنەوە ، یان ئەوەی نوسراوە و بڵاوکراوەتەوە لە نێو موسوڵمانانندا ، بۆمان دەردەکەوێ کە ئامانجیان لێرە و لەوێ لەو خاڵانەی سەرەوە دەرناچێ .

ئەمانەش هەستیارترین ئامانجەکانیانن :

١ ـــ پەرتەوازە کردنی یەکڕیزی موسڵمانان .

٢ ـــ نەهێشتنی هەیمەنەی موسڵمانان و سەرکەوتنی خۆیان و هەڵلوشاندنی سەروەت و سامانی وڵاتان .

نەوەی موسوڵمان دەبینی ئامانجەکانیان دەرناچێت لەوەی کە لەو ئایەتە پیرۆزانە خراونەتە ڕوو ، ئەوە ئامانج و هەوڵدانی ئەو بێ باوەڕانە ، ئەوە هەڵوێستیانە بەرامبەر ئێمەی ئەهلی ئیسلام، خۆت و هیمەتت ، بزانین چەند پابەند دەبیت بە دینەکەتەوە و چەندیش لێ دەبڕێی بۆ سەرخستنی دینی خودا . . ؟[١] .

**لەم سەردەمەدا ڕۆژئاواییەکان تەنها داهێنانی زانستی ناکەن...!**

**بەڵکو ئەوپەری بێ وێنەشن لە داهێنانی کوفر و خراپەکاریدا..!**

**باوەڕناکەی..؟**

**وەرە و ببینە...**

---

[١] ( انظر تفسير القرآن العظيم ، جـــ ٢، ص: ٣٦١ )

[١] ( التنصير مفهومه وأهدافه ، تأليف د. علي النملة ، ص : ٣٣ ) .

www.ba8.org

## خودی شەیتان دەپەرستن..!

بسم الله الرحمن الـرحيم: ﴿ أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَا بَنِي آدَمَ أَنْ لَا تَعْبُدُوا الشَّيْطَانَ إِنَّهُ لَكُـمْ عَـدُوٌّ مُـبِينٌ (٦٠) وَأَنِ اعْبُدُونِي هَذَا صِرَاطٌ مُسْتَقِيمٌ (٦١) وَلَقَدْ أَضَلَّ مِنْكُمْ جِبِلًّا كَثِيرًا أَفَلَمْ تَكُونُوا تَعْقِلُونَ ﴾

( يس ٦٠-٦٢ ).

واته : ئەی نەوەکانی ئادەم؟ ئاخر من پەیمانم لێ وەرنـەگرتن کـە شـەیتان نەپەرسـتن، چـونکه ئـەو بـۆ ئێـوه دوژمنێکی ئاشکرایه . . ؟ ئەی فەرمانم پێ نەکردن که تەنها من بپەرستن و پەیڕەوی لـە مـن بکـەن، ئـا ئەمەیـە (پەرستنی خودا) رێگا ڕاستەکە . . ؟ بێ گومان شەیتان خەڵکێکی زۆری لێتان گومڕاکرد، دە ئایا تـێ ناگـەن و ژیرنابن؟

خۆشەویستانم . . . ئەمە تەنها نامەیەکی کورتە بۆ گەنجەکانمان . . . بۆ ئێوە کە ئـاین و کۆمەڵگـە چـاوەڕێی هەڵمەت و هێزی ئێوەیە، خودا ئاینی خۆی سەردەخات بەسەر هەموو ئـاین و ڕێبازەکانـدا . . جـا توخـوا بـۆ وریانەبین . . ؟! وەك پێشەوا چاکەکانمان، پیاوە بە کەڵك و شێرەکانمان . . ؟ بۆ ئـافرەت و کـچەکانمان نمونـەی سەردەم و هێمای پاگیزەیی نەبین . . ؟!

بەڵێ ئەمە تەنها نامەیەکی تەواو کورت و بوختە لەسەر هەڕەشەیەکی ترسناك و بێ دەنگ و نـامۆ، کـە دزەی کردووەتە نێو وڵاتانی موسڵمانەوە . . ؟!

شەیتان پەرستی . . . !!

**پێناسەیەکی کورت..**

**شەیتان پەرستی:** مەزهەبێکی کۆنە، کـە شـەیتانی نـەفرەتی دەپەرسـتن بـۆ ئـەوەی دووربـن لـە ئاشـوب و خراپەکانی . . ! دەڵێن دەیپەرستین بۆ ئەوەی شەر وخراپەی توشمان نەبێت، جا چۆن خۆیان دەخەنە بەر ڕق و خەشمی خودا . . ؟!

**سەرهەڵدانی:**

ئەم بیروباوەڕە پیسە کۆنە، بەڵام مێژوو نووسان یـەك ڕا نـین لەسـەر سـەرەتای سـەرهەڵدانی، هەنـدێکیان دەیگێڕنەوە بۆ سەدەی یەکەمی زاینی بۆ لای (( غینۆسییەکان)) ئەوانەی کـە وا سـەیری شـەیتانیان دەکـرد کـە وەکو خودای پەروەردگار بێت لە هێز و دەسەڵاتدا، دواتر گەشەی کرد بۆ(( بولسییەکان)) کە باوەڕیان وابـوو شەیتان بەدی هێنەری ئەم گەردوونەیە و پەروەردگار نەیتوانیووە لەدەستی بسێنێت، جا لەبەر ئـەوەی ئەمانـەش لەم گەردوونەدان . . ! دەبێت بەدی هێنەرەکەی بپەرستن(( شەیتان)) – پاك و بێگـەردی بـۆ خـودا لـەو کـوفرە گەورەیەی ئەم خراپەکارانە.

هەرچۆن ئەو پەرستنانە بینراوە لەو سوارانەی کە خاچ پەرستان لـە کەنیسەوە بـە سـەرکردەیان ( جـاك دی مـۆلی) و شـوێنکەوتوانی دای مەزرانـدبوو بـۆ سەرخـستنی شـەڕی خـاچ پەرسـتان لـە سـاڵی ١١١٨ز، وە صلاحەددینی ئەیوبی شکاندنی لـە سـاڵی ١٢٩١ز، کـە وێنـەی شـەیتانیان لەسـەر شـێوەی پـشیلەیەکی ڕەش کێشابوو، وە هیمای ئەستێرەیەکی پێنج چڵ کە کەلەسەری نێرە بزنێکی (تەگە )ی تێدایە . . وەك چـۆن ( دانـی ئەوشم ) باسی کردووە .

جا ئەم پەرستنە بۆ ماوەیەکی زۆر کپ بوویـەوە، بـەڵام لـەم سـەردەمە تازانـەی دوای سـەری هەڵدایـەوە، تەنانەت ڕێکخرا و ڕێکخستنی بۆ دانرا وەك ڕێخراوی( ONA ) لـە بریتانیـا، و ( OSV ) لـە ئیرلەنـدا، پەرستگای ( سیت ) لە ئەمریکا ، و ( کلێسەی شەیتان) کە گەورەترین و پیسترینی ئەو ڕێکخراوانەیە، کـە کاهینێکی جوولەکەی ساحر بـەناوی ( ئـەنتۆنی لافـی ) لـە سـاڵی ١٩٦٦ز دایمەزرانـد، کـە ژمـارەی شوێنکەوتوانی گەشتە پەنجا هەزار کەس، وە لقی گەشتۆتە ئەمریکا و ئەوروپاو ئەفەریقاش . . !

## فەلسەفەی ژیانیان:

شەیتان پەرستان خەڵکێکن کە باوەڕیان بە خوا ( الله ) نیە، باوەڕیان بە ڕۆژی دوای و بە پاداشت و سزا و بـە بەهەشت و دۆزەخ نیە ، هەر لەبەر ئەمەشە کە یاسای بنەڕەتیان ئەوەیە: تام و چێژ وەرگرتن بە زۆرترین مـەودا پێش ئەوەی مردن بێت، نە ژیـان هەیـە دوای مـردن، نـە بەهەشـت و نـە دۆزەخ، ئـازار و خۆشـی هـەمووی لێرەیە. . . !

## جەژنەکانیان:

چـەند جـەژنێکیان هەیـە لـە سـاڵێکدا، بـەناوبانگترینیان ( جـەژنی هـەموو پیرۆزەکـان ) یـان هـاڵۆوین (Halloween) ، کـە دەڵـێن لـەم ڕۆژەدا پەیوەنـدی بـەهێز هەیـە لـەنێوان ئـەو ڕۆحانـەی دەردەکـەون لـەو شەوەدا. . !

وە ئەوانەی شەیتان دەپەرستن لەم سەردەمەدا زۆرن، دەستیان کـردووە بـە ئاشـکرا کردنـی و بانگەشـەکردن بۆی، زۆرێك لە ئێمە لەوانەیە بێ ئاگابین لە نیشانەکانیان، بەداخـەوە بـەڵکو زۆربـەی ڕۆڵـەکانی گەلەکـەمان سەرسامی هێماکانیان بوون ، بەڵام پێشی نازانن، لەوانەیە لە زۆرێك لـە مـاڵان یـان دوکانـەکان زۆرێـك لـە بەرهەمەکانی ئەم باندە پیسە ببینین، هەر لە هێما و دروشمە پیرۆزەکانی لای ئەوان، وریابن توخـوا، لەوانەیـە لە ماڵەکانی ئێوەدا هەبن، یان لە نێو کەلوپەل یـان جـل و بەرگتانـدا هـەبن و ئاگاتـان لێـی نـەبێت، بەداخـەوە زۆرێك لە کچەکانمان سەرسامی هەندێ شتیان بوون و لەبەری دەکەن وبەکاری دەهێنن، هەندێکیان کێ بڕکێ

دەکەن لەسەر دەست کەوتنی تازە بابەتەکانی . . . خوشکە . . برام . . ئـەو هێمایانـە دەبیـنن بـەڵام نایناسـن و نازانن کە ئەوە هێماو نیشانەی ئەو خراپانەیە . . . ! !

**لەو هێمایانەش :**

* سێ گۆشەیەکە هەڵگەڕێنراوە لەگەڵ دوو ئێسك و ئێسکی کەلەسەرێکی مرۆڤ .

* ئەستێرەیەکی پێنج چڵ کە کەلەی بزنێکی شاخداری تێدایە .

جلی هەمیشە ڕەش و بۆیەی نینۆکی ڕەش و ڕەنگی لێوی ڕەش و نێوان چاو و برۆ ڕەش کردن .

* یاخود بۆیەی نینۆکی خۆڵەمێشی( رصاصی ) و لێو و نێوان چاو و برۆ رەصاصی کردن .

* شێوەی دەم و چاو گۆڕین و زرێی گەورە لە مل کردن و گۆشەوارەی گەورە لە گوێ کردن .

* وینەی سەگ و شتی سەیری ئاسنین لەخۆ هەڵواسین .

* خوێن ڕشتن و مناڵ کوشتن لە یادەکانیاندا .

* ژمارەی ٦٦٦ بە ئینگلیزی یان FFF .

* یان خاچێکی سەرەوخوار ، کە هێمایە بۆ ڕەتکردنەوەی ئاین .

* کچ و کوڕیان جلی ڕەش کە نیشانەی قەبر و شتی نادیـار و دزێـو کـە تـەعبیرە لـە شـەیتان و کوشـتن ی لەسەرە

ڕەدکردنەوەی هەموو ئاینێك وە خاچ پەرستی و جوولەکـەیی و ئیـسلام و ئـەوانی تـریش ، نەهێـشتنی هـیچ بەهایەکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی ، موما‌رەسەکردنی ئەوەی ناوی فاحیشە و جنسە بەو پەڕی بێ ئابڕوویی و بێ سنوری ، وە کوشتنی منالْ وەك قوربانی لە بۆنە سەیرەکانیاندا ، هەڵدڕانەوەی گۆری خەڵك بـۆ پەیـدا کردنـی ئێسکی مردوو ، خواردنەوەی خوێن ، دزی کردن بەتایبەت دزینی خوێن بۆ خواردنەوەی لە بۆنەکانیانـدا ، کـە لە ساڵی ١٩٦٩ لە نەخۆشخانەکانی ئەمریکا بڕێکی زۆر خوێنیان دزیبوو بۆ ئەوەی لـە ئاهەنگـە شـێتانەکانیاندا بیخۆنەوە ، هەرکەسیان منالْیان هەبێت دەتوانن سەری ببڕن و خوێن و گۆشتەکەی بخۆن لە ئاهەنگەکانیاندا .

مۆسیقا لای شەیتان پەرستان شتێکی بنەرەتیە ، هۆکارێکە بـۆ بـێ هـۆش کردنـی عـەقلیان ، لێکۆڵـەرەوان چەخت دەکەنەوە لەسەر ئەو جۆرە ژەنینانەی کە شەیتان پەرستان بەکاری دەهێنن کە ئەمانەن( بـلاك میـتلْ) و ( هافی میتلْ) و ( دیس میتلْ) کە هەریەکەیان تایبەت مەندی و سەمای خۆیان هەیە کە سەریان ئەلـەرزێنن بـەرەو سەر و بەرەو خوار ، گۆرانیەکانیان جوێنە بە خودا – پەنا بە خوا ـ وە پیاهەڵدانـە بـە شـەیتان و بیروباوەڕیـان و بۆنە ئاژەڵیەکانیان . . .

لیرەدا وێنەی هەندێ لە هێماکانیان دەخەینە ڕوو :




هەندێ شتی سەر جل و بەرگ، تکایە خوشکانی موسـڵمان، براکـانم، کاتێـك جـل دەکـڕن وریـای ئـەو هێمایانەبن نەوەك لەسەر جلەکانتان کێشرابن . . !!

**ئەمە ڕەوشی کافران بوو..**

**بەڵام ئێستا... ئێوە و ئێمە و..**

## هەڵـوێستەیەکی ئیماندارانە..!

خۆشەویستان دوای ئەوەی کە کورتەیکمان زانی دەربارەی ئەو بیروباوەرە گەندەڵ و پیسەی شەیتان پەرستان ، پێویستە چەند هەڵوێستەیەکی موسڵمانانە پیشان بدەین ، نـەوەك هەنـدێك کـەمزان و تێنەگەیـشتوو تووشـی هەڵە بووبێت و مەفتون بێت بەو بیروباوەرە خراپانە ، بەڵکو خـودا بیکاتـە هـۆی چـارەی دەردی دەردەداران و زانیاری و چاو ڕۆشنی بێداران . . . جا بە پشتیوانی خودای گەورە دەڵێین :

**هەڵوێستەی یەکەم** : تەواوی شوکر وسوپاسی خودای پەروەردگاری بەسۆز و بەزەیی دەکەین کە هیدایـەتی داین و ڕێی ڕاست و پاکی ئیسلامی پێ نیشانداین ، هەروەها سوپاسی دەکەین کە ڕێنمـونی کـردین بـۆ سـەر ڕێباز و سوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ .

**دووەم** : بەڕاستی شیاونیە کەسێك کە بەتەواوی باوەڕ و ئیمانی بە خودا و کتێبەکانی و پێغەمبەرانی هەبێت ، کەچی ئاوڕی دابێتەوە بۆ هەر ڕێگەیەکی شەیتانی و لاڕێیی و شتی بـێ کـەڵك و ناچـیز وەرگرێـت لێیانـەوە . بەڵکو پێویستە بە تەواوی هەموو ڕێگا خوار و خێچەکانی شـەیتانیان فـڕێ بـدات و پـشتیان تـێ بکـات . ئـەم باسەش بۆ ئەوە خرایە ڕوو کە ڕێگەی هاتنە ژوورەوەی ئەو فکرە بۆگەنە بگیرێت بۆ نێو موسڵمانان .

**سێ یـەم** : پوچەڵی ئەو بیروباوەرەی ئەوان و هاوبیرانیـان کـەوا دەڵـێن ئـەم گەردوونـە هـەر هـەبووە وهـەر دەشبێت و لەناو ناچێت !!! چونکە بەڕاستی هەموو ئایینە ئاسمانیەکان وبەڵگە زانستیەکانیش جەخت دەکـەن لەسەر ئەوەی کە گەردوون دروست کراوی خودایە و بەرەو لەناوچوونیش دەڕوات ، ئیتر ئەم نامۆیانە ئەم قسە پووچانەیان لە کوێ هێناوە ؟!

**چوارەم** : قسە پووچەکانیان دەربارەی شەیتان لەسەر هیچ بنەمایەکی زانستی و هزری بونیاد نەنراوە ، بەڵکو تەنها نیگا و وەحی شەیتانە بۆیان ، ئەمە سەرەڕای ڕوونی بەڵگەی هەموو ئاینە ئاسمانییەکان دەربارەی شەیتانی نەفرەتی ، کە بەڕاستی سەرچاوەی گەندەڵی و گومڕاییە .

**پێنجەم** : خودی بیروباوەڕەکەیان لەسەر شتی گونجا و زانستی بونیـاد نـەنراوە ، بـەڵکو شـێتی و شـازی و ناسروشتی و خۆ بێ مێشك کردن زیاتر هیچی تر نییە ، وە نیگای شەیتانییە کە ڕێگە نیشاندەر وچاوسـاغیانە ، ئیتر چ شتێکی بەکەڵکی تێدا هەبێت بۆ مرۆڤەکان ؟

**شەشـەم** : ئەم بیروباوەڕە ئاراستە کراوە بۆ گەندەڵ و دەغەڵ کردنی هەموو دونیاو ئاخیرەتی مرۆڤان ، تۆ بینە پێش چاوی خۆت کە مرۆڤ بگۆڕێت بۆ بکوژ ( قاتل ) و دەست درێژکـەر و فاسـد و خراپـەکار ، هەنـدێکیان خوێن و گۆشتی ئەوانی تر بخۆن ، ئەوی تر دەست درێژی بکاتە سەر ئافرەتی ئـەوەی تریـان ، ئەمـەیان دزی و

فیڵ له‌وه‌ی تریان بکات ، پاکی له‌ به‌رنامه‌یاندا نه‌بێت ، له‌ فه‌رهه‌نگیاندا شتێك به‌ناوی خراپه‌ و سنوور به‌زاندن نیه‌ تاوه‌کو لێی دوور بکه‌ونه‌وه‌ ، نه‌ هه‌ڵه‌ش هه‌یه‌ خۆیانی لێ به‌دوور بگرن ، نه‌ چاکه‌ هه‌یه‌ هه‌وڵی ئه‌نجامدانی بده‌ن !

به‌ڕاستی ئه‌و دارستانه‌ی پڕیه‌تی له‌ ئاژه‌ڵی دڕنده‌ و که‌ڵپه‌دار زۆر ئه‌هوه‌نتره‌ له‌و شوێن و مه‌کانه‌ی ئه‌م نا چیزانه‌ی تێدایه‌ ، ـ ئاژه‌ڵ ـ لانی که‌م ده‌ست درێژی ناکاته‌ سه‌ر دایکی خۆی و هه‌تکی شه‌ره‌فی ناکات . . . ! به‌ڵام ئه‌مانه‌ نه‌شه‌ره‌ف تێده‌گه‌ن و نه‌ که‌رامه‌ت به‌لایانه‌وه‌ به‌نرخه‌ ، نه‌ خۆ پارێزن له‌ شتی باتڵ و خراپ . . !

جا داواکارم له‌ په‌روه‌ردگار خۆمان و نه‌وه‌کانی میلله‌تی موسڵمانمان بپارێزێت له‌ هه‌موو جۆره‌ کوفر و خراپه‌ و گه‌نده‌ڵی و بێ که‌ڵکیه‌ك ، وه‌ له‌تاوانه‌کانی ئێمه‌ش خۆش بێت و هه‌موو که‌سه‌ چاك و باشه‌کانیش نمونه‌ زۆر بکات . . . ئامین .

**به‌ڵام ئه‌گه‌ر خۆیشمان به‌ ئاسن بزانین له‌ تۆکمه‌ییدا..!**
**خۆ ده‌بێت وریایی ژه‌نگ هێنانی جه‌سته‌مان بین..!!**
**به‌ مانایه‌کی تر...**

## دار کرمی لەخۆی نەبێت. نارزێت..!

زۆر جار له هه‌ندێ موسڵمانی دڵسۆز و په‌رۆش ده‌بیستین كه ده‌ڵێت له‌م ڕۆژه‌دا نازانی گوێ له‌ كێ بگریت . . ! هه‌ر موسوڵمانان خۆیان بوون به‌ هه‌زار پارچه‌وه‌ . . ! سه‌رمان لێ شێواوه‌ . . ! نازانین هاوار و هانا بۆ كوێ و بۆ كێ به‌رین . . ؟! له‌ بچوكترین شته‌وه‌ تا گه‌وره‌ترین شت جێی جیاوازیی و دووبه‌ره‌كی و قسه‌ جیاوازییه‌ له‌ نێو موسڵمانانداا . . ! بووین به‌ جێی تیر و تانه‌ی خه‌ڵكانی بێگانه‌ و دوژمنانی ده‌ره‌وه‌ و ناوه‌وه‌ . . ! نازانین كێ به‌ڕاست و كێ به‌ هه‌ڵه‌ بزانین . . !

جا ئه‌زیزان با سه‌ره‌تا بزانین هۆكاری واقوڕمانی خۆمان چییه‌؟ دواتر وه‌كو په‌ندێكی عه‌ره‌بی هه‌یه‌ ده‌ڵێت : ( كه‌ هۆكارت زانی ، سه‌رسوڕمانت نامێنێ ) ، ئێمه‌ش بزانین هۆكاری واق وڕمان و سه‌رسوڕمانی خۆمان له‌ ئه‌نجامی چییه‌وه‌ دروست بووه‌ . . !

له‌وانه‌یه‌ بێزاركه‌ربێت بوترێ هۆكاره‌كه‌ی خودی خۆمانین . . ! ده‌ڵێی بۆ . . ؟ ، چونكه‌ هه‌ركات باسی خوێندنی زانستی شه‌رعی دێت باری گیانمان قورس ده‌بێت و هه‌ر ده‌ڵێی مه‌وعیدی روح كێشانمان بۆ دیاری ده‌كه‌ن . . ! كاكه‌ خودا شاهیدی حاڵه‌ كه‌ ئه‌و ماموٚستا و زانا و دڵسۆزانه‌ نه‌ كات و نه‌ قسه‌شیان لێ زیاد نیه‌ كه‌ هاوار ده‌كه‌ن و ده‌ڵێن ئه‌ی گرۆی گه‌نجان وه‌رن بخوێنن . . تۆ ده‌ڵێی شوێن كه‌وته‌ی سه‌له‌فی صاڵحی . . ؟ مه‌گه‌ر ئه‌وان هه‌موویان له‌ كاری چاك و زانستی به‌سود و بۆ خوا سوڵحان و زوهد و عیباده‌ت و هه‌وڵدان بۆ به‌رزكردنه‌وه‌ی وته‌ی یه‌كخوا په‌رستی دا سه‌رقاڵ و موجاهید نه‌بوون . . ؟

ده‌ی من و تۆش هه‌ر ده‌بێ شوێن پێ هه‌ڵگری ئه‌وان بین ، خولاصه‌ نه‌خوێندن و نه‌بوونی زانست هۆكاری بنه‌ڕه‌تی ئه‌و واق وڕمانه‌یه‌ . .

ئه‌وجا مه‌گه‌ر ئێمه‌ فه‌رمووده‌كانی پێغه‌مبه‌ری خودامان ﷺ نه‌بیستووه‌ له‌ باره‌ی فیتنه‌ و ئاشوبه‌كانی ئه‌م زه‌مانه‌یه‌وه‌ . . ؟ ئه‌گه‌ر نه‌مان بیستووه‌ و نایزانین ، خۆ ئه‌وه‌ ڕوونی ده‌كاته‌وه‌ كه‌ نه‌بوونی زانست ئه‌وه‌ی به‌سه‌ر هێناوین . . . ! ئه‌گه‌ریش ده‌یزانین با ئیتر دڵمان ئۆقره‌ بگرێ و به‌رچاو ڕوون بین كه‌ له‌م سه‌رده‌می فیتنه‌ و ئاشوبه‌دا ساده‌ترین شتێ ڕووی داوه‌ ، جیاوازی و چه‌ند به‌ره‌كی موسوڵمانانه‌ ، مه‌گه‌ر خۆشه‌ویستمان ﷺ نه‌یفه‌رمووه‌ : " قَدْ تَرَكْتُكُمْ عَلَى البَيْضَاءِ لَيْلُهَا كَنَهَارِهَا لاَ يَزِيغُ عَنْهَا بَعْدِي إلا هَالِكٌ وَمَنْ يَعِشْ مِنْكُمْ فَسَيَرَى اخْتِلافاً كَثِيراً فَعَلَيْكُمْ بِمَا عَرَفْتُمْ مِنْ سُنَّتِي وَسُنَّةِ الخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ المَهْدِيِّينَ عَضُّوا عَلَيْهَا بِالنَّوَاجِذِ وَعَلَيْكُمْ بِالطَّاعَةِ وَإِنْ عَبْداً حَبَشِيّاً فَإِنَّمَا المُؤْمِنُ كَالجَمَلِ الأَنِفِ حَيْثُمَا قِيدَ انْقَادَ " [1]

---

[1] صحيح وضعيف الجامع للشيخ الألباني: ٤٣٧٠ ( صحيح ).

www.ba8.org

واته : به‌دڵنیاییه‌وه به چێمهێشتوون له روونی و سپیایدا که شه‌وه زه‌نگی وه‌کو ڕۆژی ڕووناك وایه ، که‌س له دوای من لێی لانادات ئیللا به هیلاکی و له‌ناوچووندا ده‌چێت ، هه‌رکه‌سیش له ئێوه بژێت جیاوازی و ته‌فره‌قه‌ی زۆر ده‌بینێت ، جا ئه‌و کاته پێویسته له‌سه‌رتان کار به‌وه بکه‌ن که ده‌یزانن له ڕێباز و سوننه‌تی من ، و ڕێبازی هاوه‌ڵه جێ نشینه ڕێنمونی کراوه‌کانم ، گوێ بگرن و گوێڕایه‌ڵ بن – له کاری چاکه‌دا – ئه‌گه‌ر که‌سێکی حه‌به‌شیش فه‌رمانی پێ کردن ، چونکه مرۆڤی موسڵمان وه‌کو وشتری لووته‌وانه کراو وایه ، بۆ هه‌رکوێ بیبه‌ی ده‌ڕوات – به به‌رچاو ڕونی و ته‌نها بۆ کاری چاکه‌ش _ .

باوه‌ڕبکه‌ن شه‌رم ده‌که‌م جگه له‌وه‌ی فه‌رموده‌که‌م وه‌رگێڕاوه‌ته کوردی شتێکی تر بنوسم ، چونکه زۆر ڕوونه که دوای وه‌فاتی سه‌ردار و پێغه‌مبه‌رمان ﷺ ئه‌وه ڕووی داوه که تۆ و من سه‌رمان سوڕماوه لێی ، به‌ڵام هه‌ر له‌و فه‌رموده‌یه‌دا ، نه‌خۆشییه‌که‌ی دیاری کردووه که ته‌فره‌قه و چه‌ند به‌ره‌کی نێوان موسوڵمانانه . . ! به‌ڵام جێی نیگه‌رانی نیه ، چونکه ده‌رمانیشی بۆ داناوین خۆم و دایك و بابم به قوربانی بێن ، فه‌رموویه‌تی له کاتی دروست بوونی ئه‌و هه‌موو جیاوازیه‌دا ، بگه‌ڕێنه‌وه سه‌ر سوننه‌تی من و خه‌لیفه‌کانی ڕاشدین ، چونکه چاره‌سه‌ری هه‌موو گرفته‌کانی ئێمه لای ئه‌وانه به‌ڕاستی . . !

وه زۆر فه‌رمووده‌ی تریش هه‌یه که له‌سه‌ر چاوه‌کانی ئه‌هلی سوننه‌تدا هاتووه و له صه‌حیحی بوخاریدا له بابه‌تی فیته‌ن فه‌رموده‌ی زۆر هێناوه که به‌راستی خوێندنه‌وه‌ی ته‌نانه‌ت به‌ده‌رسیش جێی پێویستی ئه‌مڕۆی موسڵمانانه . .

که‌واته هیوادارم هه‌ندێك دڵ و ده‌رونمان فێنك ببێته‌وه به‌وه‌ی که شوکری خودا بکه‌ین که ئاینێکی وه‌ها ته‌واو و کاملی بۆ دابه‌زاندوین که دوای وه‌فاتی پێغه‌مبه‌ریش خودا زایه‌ی نه‌کردوین و نه‌یبردوه‌ ته‌واوه‌کو ئه‌وه‌ی چاکه‌یه گه‌یاندی و ئه‌وه‌ی خراپه‌یه وریایی کردینه‌وه لێی .

**دوای ئه‌وه ئه‌گه‌ر شتێکت مابێ بپرسی...؟**

**دڵنیام ده‌ڵێیت..**

**ئه‌ی له‌م ڕۆژگاره‌دا..**

www.ba8.org

## گوێ لە کێ بگرین... ؟؟!

زۆرێك لە خەڵکی موسڵمانی ئەمڕۆ خۆیان دووچاری گرفێك کـردووە ، کـە گوایـە سـەر لەبـەر هـەموو جیاوازیەکانی ئەم ڕۆژگارە دەرناکەن و نازانن گوێ لە کێ بگرین وبەقسەی کێ بکـەین و لـەکێ وە دینەکـەمان وەرگرین و تێبگەین ؟! خۆ سەرەڕای ئەوەی ئەم پرسیارانە جیی خۆیەتی ، شایانی باسیشە کە بـزانین ئـەنجامی ئەدا نەکردنی کەمترین ئەرکی سەرشانمان کە تێگەیشتنە لە بنەماکانی دینەکەمان وادەکـات واقمـان وڕبمێنـێ لـە ئاست ئەو گرژی و ئالۆزیەیی ئەمڕۆ ، سەرەنجام وا دێتە پێش چاومان کە ئێستا نوێنـەرانی ئـەم ئاینـە گەورەیـە تەنها دوو جۆر گروپن ئەمیان میانڕە و ئەویترش توندڕەو!!

بەڵام بەداخەوە چونکە هەوڵی تێگەیشتنمان نەداوە لـە دینەکـەمان ، کەوتووینەتـە ئـەم هەڵـەوە تەنانـەت لـە تەماشاکردنی واقعیشدا ، جا پێش ئەوەی باسی ئەو دوو جۆرەی لای تۆ بکەم ـ سێ جـۆر رێـچکە هەیـە ـ ، ئەزانم پرسیارت ئەوەیە ـ چۆن ؟!! ـ منیش دەڵێم : بەم شێوەیە :

بنچینە : ئەبێ ئەوە بزانین کە ئیسلام خۆی دینێکی میانڕەوە و میانڕەویش خودی ئیسلامی حەقیقی و ڕاستی پەیڕەوکردنی بەرنامەی پەروەردگار و ڕێگەی پێغەمبەری خوایە ﷺ ، خوای گەورە ئەفەرموێ : ﴿ وَكَـذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُواْ شُهَدَاء عَلَى النَّاسِ وَيَكُونَ الرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا ...﴾ ( البقرة : ١٤٣ ) ، واتە : هەرچـۆنێ بۆ ئاینی پیرۆزی ئیسلام رێنماییان کردن ، هەر ئاواش لە تەواوی ئـیش و کـاردا ، کردوومـانن بـە ئوممـەت و گەلێکی میانڕەو ، تا لەسەر خەڵکی ببنە شایەت ، وە پێغەمبەریش بەسەر گشتانەوە شایەت بێـت ، ئـاخۆ کـێ شوێنی کەوتووە و کێیش سەرپێچی کردووە .

جا ئەمە یەکەم ڕێگەی پەیڕەوکردنی ئاینی ئیسلامە بەشـایەتی خـوای گـەورە ، دووەکـەی تـر بـە پێـی ئەمـە دەپێوین ، چونکە پەروەردگار ئەفەرموێ بۆ ئەوەی ببن بە شایەت بەسەر ئەوانی ترەوە ، چۆن دەبین بە شـایەت ؟ بەوەی کە لە هیچ شتێکدا لەسنوری دینەکـــە دەرنـــەچین . ئەی چـــۆن دەرنەچین ؟! چـەند جـــۆر دەرچـــوون هەیە ؟ ئـــارام بە هەموویمان نووسیوە ، یـــەك ڕێگەی میانڕە و باسکرا ، دووجـۆریش دەرچوو لێی هەیە کە ئەمانەن :

**یەکەم** : دەرچوون بە ( زیادەڕەوی ) : ئەم جۆرە توندڕەوە یان میانڕەو ؟! بـەوە نیـە کـە هـەڵگرانی چـۆن هەڵسوکەوت دەکەن ، بەڵکو بەوەیە کـە چـەند شـتەکان لـە ئاسـتی خـۆی پیشاندەدەن و پـەیڕەوی دەکـەن ، زیادەڕەوی وای لە بەشێکیان کرد کە نەتوانن لەوە تێبگەن ، کە ڕاستە خودا ئەم دینەی بـۆ سـەر زەوی نـاردووە تاکو حوکمی پێ بەڕێوە ببرێت ، بەڵام خۆ خودی قورئان و سوننەت نـاتوانن حـوکم بـەڕێوە ببـەن ، بـەڵکو

ئەبێت خەڵکی پەیڕویان بکات ، بۆیە سەرەنجام کەوتنە ئەو زیادەڕەوییەی کە وتیان ئیمامی عەلی و هاوەڵان کافربوون چونکە هەستاون بە حوکم کردنی خەڵکی ، یان کۆمەڵێکی تر ئەوەندە ڕۆچوون لە گەورە کردنی ئال و بەیتی پێغەمبەر ﷺ تاوەکو گەشتە ئەوەی هەندێکیان بە خوای بزانن و هەندێك ڕاگری کەون و هەندێکی تریش شیفای دەردەداران دەدات ئەگەرچی مردبێتیشن . . !! لەملاشەوە کۆمەڵێکی تر ئەولیا و پیاوچاکانیان لێگۆڕاوە بەشێوەیەك کە داوای ڕۆزی و شیفا و مان ونەمان و هات و هاوار و قوربانی و تەنها نەزر بەوان دەکەن . . !!

**دووەم** : دەرچوون بە ( کەم ڕەوی ) شل ڕەوی : ئەمانەش خۆیان وا دیننە پێش چاو کە میانڕەون بەلاّم توندڕەویشن . . !! هەرچەند وا بێنە پێش چاو ، هەڵدەسن بە کەمکردنەوی پەیوەست بوون بە ئەنجامدانی فەرمانەکانی ئاینی پەروەردگار ، شل گیرن بەرامبەر ئەداکردنی فەرمانەکانی خوای گەورە و ڕەسولی خوا ﷺ ، بە نێوی ئەوەی کە ئەیانەوێ قورسی نەکەن لەسەر خەڵکی و ئەم دینە لەسەردەمانێکا ئاسایی بووە بەو شێوەیە پەیڕەو بکرێت بەلاّم ئێستا دوژمنانی دین زۆرن و بە پلاّسەوەن بۆ موسوڵمانان و نابێ کارێ بکەین کە خەڵکی تاربنەین لە دین ـ کە تاریشیان دەنێن ـ با نەرم بین وشل بین و تەڕ بین . . . ، تا دەگاتە ئەوەی ئەم نەرمی و شلی و تەڕییە ـ خۆش دەبێتەوە ـ چۆن ؟ ، بەوەی ئەوەندە کەم پەیوەستن بە ئەرکەکانیانەوە توشی سفوری کچانە و کورانە ، تێکەلاّوی بێ سنور ، تاوان کردن ، بەربلاّوی هەڵسوکەوتی دوو ڕەگەز ، هەروەها ئەوەشی کەوتیان با خەڵکی ڕانەکەن لە دین ـ سەرەنجامی بانگەشەکانیانە ـ ، چونکە وتت قەیدی چیە تێکەلاّوی کردنی دوو ڕەگەز پەیوەندی دروست دەبێت ، دوای ئەوەش هەتمەن عەشق دروست دەبێت ، ئەویش پێویستی بە شیعر و گۆرانی هەیە خۆ گۆرانی الله بۆ ئەوە ناشێ ، ناچار گورانی و مۆسیقای ئیسلامیمان پێویستە و دواجاریش سەیری کاسێتی ماڵ و سەیارە و میمۆری مۆبایلەکانیان دەکەیت دەبینی فلاّن و فیساری فارسی و تورکی و عەرەبی و هندی و کوردیە ! کە نەك هەر بەناو دینیش نین . . !! بەڵکو گۆرانیەکانیان وشەی کوفریشی تیدایە ، ئەو دەڵێ ( قسم نخور بجانم ) ئەوی تر ( قەسەم بەتۆ ) ئەویش ( من تورا میپرستم ) ئەویش ( إله الحب)ی هەیە . باوەڕم پێبکەن زۆرینەی ئەوانەی ئەم جۆرە گۆرانیانە گوێ لێ دەگرن پێیان وتووم وتراوە مۆسیقا حەلاّلە دواتریش دەڵێن ئەی خۆ ئێمە گوێ لە کوفرەکەیان ناگرین !!! هەموو بوارەکانی تریش بەو شێوەیە ، تا ئەم کەمڕەوییە دەبێتە هۆی گەنانـدنی کۆمەڵگا ، سەرەنجام وای لێ دێت کە مەبەستەکانی شەرع ئەوەندە کاڵ دەبێتەوە تا ڕەنگی نامێنێت .

ئەمانە هەرسێ ڕێڕەوی پەیڕەو کردنی ئاینی ئیسلام بوون بە شێوەیەکی گشتی ، ئێستا پێوەرێکی قورئانیمان هەیە و دوویش مرۆڤی ، ئەوانەی بەڵگە و پێوەر و سنوری شەرعی بۆ کارەکانیان دادەنێن ، ئەوانە لە واقیعدا

دیارن و هاوار دەكەن . ئەوانی تریش یاری بە ڕاوبۆچوونەكانی خۆیان دەكەن ، تۆ ئێستا بەو كەسانەی كە زیادەڕەوی دەكەن یان بەوانەی كە كەمڕەوی دەكەن دەڵێی توندڕەو ؟ یان میانڕەو ؟!! خۆ ئەزانم نازانی چین . . !!

جا ئەوانەی دینی خوا دەكەنە سەرچاوەی بەڵگەی كارەكانیان و ئەوەی دەیكەن لەو ئاینەدا هەیە ، یان لە قورئان وە یان لە فەرموودە راستەكانی پێغەمبەر ﷺ دا هاتووە ، وە بەو شێوەیەیی كە هاوەڵانی بەڕێزی ﷺ تێیگەیشتوون و كرداریان پێكردووە ، ئەمانەن میانڕەو و نەرم و نیانن بەشایەتی قورئان ، ئەمانە خوا بە خوا دەزانن و هەموو كردەوەیەك كە تایبەت بێت بە خواوە تەنها بۆ خوای دەكەن وەكو " هاوار كردن ، هانا بردن ، پشت بەستن ، سوپاس كردن ، داوای یارمەتی و شیفا و ڕۆزی و ئیمان و چاكە . . . ، هەروەها نەزر و قوربانی و خێر و سەدەقە و زەكات ، وە تەنها زیارەتی ماڵی خوا دەكەن . پێغەمبەریش ﷺ باشترین بەندەی خوایە و ناپەرسترێت وە پێغەبەرێكە و گوێڕایەڵی دەكرێ و سەرپێچی فەرمانەكانی ناكرێت ، هیچیش لەو پەرستشانەی خوا بۆ پێغەمبەر ﷺ ناكەن ، هەروەهاش بۆ هاوەڵان و پیاو چاكان و ئەولیاكانی خوا ، هەر كەس لە شوێنی خۆی دادەنێن و ئەو پەری ڕێز و قەدریان دەزانن و زیادەڕۆیی و كەمڕەوی تێداناكەن . هەروەها لە كردەوەكانیشایاندا هەر لە نوێژ و ڕۆژ و زەكات و حەج و كار وكاسبی و خوێندن و جل و بەرگ و سەر و ڕیش و هەڵس وكەوت لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا . . . ئەگەر ئافرەتیش بن بەهەمان جۆر حیجاب و حیشمەت و دەرودەشت و خوێندن و شوكردن و پەیوەندی لەگەڵ دەورووبەردا ، وە سەرباری ئەمانەش پەیڕەوكردنی ورد و درشتی سوننەتەكانی پێغەمبەری خوا ﷺ بە پێی توانا ، هەر ئەمەش وای لێكردوون كە نامۆ بێنە پێش چاوی خەڵكی، خۆ نامۆبوونیان لە خراپیاندا نیە ، بەڵكو پەیوەست بوونیان بە ڕاستە ڕێگەی ئیسلامەوە وای لێ كردوون ، ئەمەش فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ شایەتی بۆ داوە ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ " بَدَأَ الإِسْلاَمُ غَرِيبًا وَسَيَعُودُ كَمَا بَدَأَ غَرِيبًا فَطُوبَى لِلْغُرَبَاءِ "[1] . واتە : ئەم ئیسلامە بە نامۆیی سەری هەڵدا وە جارێكی تریش دەگەڕێتەوە سەر ئەو نامۆییە ، سەرفرازی بۆ نامۆیان ـ خوا لەوانەمان بكات ـ .

وە ئەمما ئەو دوو ڕێچكەی تر ، یان زیاد دەڕۆن لە ئاستی میانڕەوی ( ئیسلام ) یاخود كەم دەڕۆن لە ئاستی میانڕەوی ( ئیسلام ) ، هەدووكیان شل ڕەون و ئیهمالن لە ئەدا كردنی ئەركە ئاینیەكانیان و توندڕەویشن چونكە سنوری دین بەزاندن كاری كەسی توندڕەوە .

---

[1] فەرموودەیەكی صحیحە:ئیمامی موسلیم: (١٤٥،٣٨٩ ) ئیمامی ئیبن ماجە: ٣٩٨٦، ئیمامی ئەحمەد: ٨٨١٢ ، لە فەرموودەی ئەبو هورەیرەوە گێڕاویانەتەوە .

www.ba8.org

ئەمەبوو بە شێوەیەکی گشتی و کورت و پوخت باسی میانڕەویمان کرد ، خۆت وەکو کەسێکی خوێندەوار تاوتوێی لایەنەکان بکە .

نەکەی بیر کەیتەوە خۆت دوو دڵ کەیت و شەیتان دڵت بگرێت و بڵێی بەم شێوە ناکرێت و ئەمە سەردەمی ئەوە نیە و ناتوانرێت دین بەو شێوەیە بەرجەستە بکرێت ، چونکە ئەگەر نێرینەی ئەوە بە دوو چاوی خۆت هاوڕەگەزەکانت دەبینیت هەر لەو سەردەمەی تۆدان و پابەندیشن بە دینەکەیانەوە ، نە تێکەڵاوی ئافرەت دەکەن زیاد لە پێویست و نە هۆگرن بە گۆرانی و مۆسیقاوە نە شل گیریشن بۆ دینی خوا .

ئەگەر ئافرەتیشی ئەو بالاپۆشە بەشەرم و شکۆیانە ، ئەو هەموو خوشکە بەسنورانە لە هەموو هەڵسوکەوتێکدا ، بەڵگەن لەسەر تۆ ، ئیتر بیانوی ئەوەمان نیە بڵێین لەم سەردەمە ناچێتەسەر ، وهەڵنەسین بە ئەداکردنی ئەرکەکانی سەر شانمان .

جا هیوام وایە پێم نەوترێت توندڕەو ، خۆ هەموویم خستەڕوو ، جا ئەو وژدانەی مرۆڤ کە زیندو بوو . . ! خاوەنەکەی دەکاتە بەختەوەرترین کەس و ئەو ڕۆحەشی دەحەسێنێتەوە ، دڵنیاشت دەکەمەوە تەنها ئەم ڕێبازەی ئەهلی سوننەیە کە دڵ و ڕۆحەکانمان ئارام دەکات و پشوویەك بەو ڕۆحەیشمان دەدات کە دەیان کیلۆمەتر بە خەیاڵ دوورکەوتۆتەوە لەو جەستە هەمیشە ماندوەمان . . . دەسا تاکو کەی ناگەڕێیتەوە بۆ سەر ئەم ڕێگایە ؟

**سەرەڕایی ڕوون بوونەوەی ڕێگا...**

**لەم فیتنەیەش ئاگاداربە...**

## سوننه‌ت له‌ نێوان شوێنكه‌وتوان و دوژمنانی دا

الحمد لله و الصلاة و السلام علی رسول الله و بعد :

به‌ دڵنیاییه‌وه‌ قورئان هه‌ڵگری گه‌ڵێك ئایه‌ته‌ كه‌ بانگه‌وازن بۆ شوێن كه‌وتنی سوننه‌ت و په‌یوه‌ست بوون و په‌یڕه‌و كردنیشی ، چۆن وانه‌بێت ؟! كاتێ كه‌ ئه‌وه‌ سه‌رچاوه‌ی دووه‌می ته‌شریعی ئیسلامی . . . هه‌ر ئه‌وه‌ روون كه‌ره‌وه‌ی قورئان به‌درێژه‌ باسی حوكمه‌كانی و سنوردانانی ڕه‌هاكانی ، شیكه‌ره‌وه‌ و واتاكاری ئایه‌ته‌كانی یه‌تی ، په‌یڕه‌وكردنی سوننه‌ت په‌یڕه‌ی قورئانه‌ ، گوێڕایه‌ڵی سوننه‌ت گوێڕایه‌ڵی قورئانه‌ خودا ده‌فه‌رموێت : ﴿ مَنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ ﴾ ( النساء : ٨٠ ) ، واته‌ : هه‌ركه‌س گوێڕایه‌ڵی پێغه‌مبه‌ر ﷺ بكات ئه‌وا گوێڕایه‌ڵی خودای كردووه‌ .

پله‌ی سوننه‌ت به‌رزه‌ لای په‌روه‌ردگارمان ، خودا ده‌فه‌رموێت ﴿ إِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا ﴾ ( النساء : ٥٩ ) .واته‌ : ئه‌گه‌ر له‌ شتێكدا ناكۆكی كه‌وته‌ نێوانتانه‌وه‌ ئه‌وا بیگه‌ڕێننه‌وه‌ بۆ لای خودا و پێغه‌مبه‌ر ﷺ ، ئه‌گه‌ر له‌وانه‌بوون كه‌ ئیمانتان هه‌یه‌ به‌ خودا و ڕۆژی دوای ، ئه‌وه‌ بۆتان باشتره‌و چاكترین واتایه‌ . جا گه‌ڕاندنه‌وه‌ بۆ لای خودا له‌م ئایه‌ته‌دا ، هه‌رچۆن زانایان فه‌رموویانه‌ : گه‌ڕانه‌وه‌یه‌ بۆ لای قورئان . وه‌ گه‌ڕاندنه‌وه‌ بۆ لای پێغه‌مبه‌ر ﷺ گه‌ڕانه‌وه‌یه‌ بۆ لای سوننه‌ته‌كانی ئه‌و .

كه‌وابوو ئاینی ئیسلام بریتیه‌ له‌ كتاب ( قورئان ) و السُّنَّة ( سوننه‌ت ) ، وه‌ هه‌رگیز لێك جیانابنه‌وه‌ هه‌تا هه‌تایه‌ ، هه‌ر كه‌سیش قایل ببێت به‌ یه‌كێكیان به‌ ته‌نها ئه‌وه‌ كوفری كردووه‌ و گومراییه‌كی ئاشكرایه‌ ، چونكه‌ نكۆڵی له‌ سوننه‌ت له‌ ڕاستی دا نكۆڵیه‌ له‌ قورئان و له‌ وه‌حی خوای په‌روه‌ردگار ، چونكه‌ فه‌رمووده‌كانی پێغه‌مبه‌ر ﷺ وه‌حی خودایه‌ هه‌ر چۆن خودا ده‌فه‌رمووێت : ﴿ وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَى ، إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى ﴾ ( النجم : ٣ ــ ٤ ) .

واته‌ : ئه‌و له‌ خۆیه‌وه‌ قسه‌ناكات ، به‌دڵنیاییه‌وه‌ ئه‌وه‌ نیگا ( وه‌حی ) یه‌و نیگای بۆ ده‌كرێت .

جا كه‌ سوننه‌ت وه‌حی خوای په‌روه‌ردگار بێت ؟! ئاخۆ حوكمی ئه‌و كه‌سه‌ چی بێت كه‌ نكۆڵی لێ بكات و ره‌تی بكاته‌وه‌ ؟! وه‌ڵام ئه‌وه‌یه‌ كه‌ ئه‌گه‌ر بزانێت و ڕوون بێت لای كه‌ پله‌ی سوننه‌ت ئه‌وه‌نده‌ به‌رزه‌ له‌ ئیسلامدا ، وه‌ هه‌ر نكۆڵی بكات ، كوفری كردووه‌ و ده‌رئه‌چێت له‌ دین ـ ئه‌گه‌ر چیش ئیمانی ته‌واوی به‌ قورئان هه‌بێت ـ مه‌گه‌ر ته‌وبه‌ بكات و په‌شیمان ببێته‌وه‌ ، چونكه‌ خودی قورئان فه‌رمانی تێدایه‌ به‌ شوێن كه‌وتنی سوننه‌ت ، خودا ده‌فه‌رمووێت : ﴿ وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانْتَهُوا ﴾ ( الحشر : ٧ ) واته‌ : ئه‌وه‌ی پێغه‌مبه‌ر هێنایه‌تی په‌یڕه‌وی بكه‌ن و ئه‌وه‌ی گۆتی مه‌یكه‌ن وازی لێ بهێنن . خودا ده‌فه‌رمووێت : ﴿ كَمَا أَرْسَلْنَا فِيكُمْ

رَسُولًا مِنْكُمْ يَتْلُو عَلَيْكُمْ آيَاتِنَا وَيُزَكِّيكُمْ وَيُعَلِّمُكُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَيُعَلِّمُكُمْ مَا لَمْ تَكُونُوا تَعْلَمُونَ ﴾ ( البقـرة : ١٥١ ) .

جا وشه‌ی ( الحكمة ) له‌م ئایه‌ته‌دا وه‌كو زانایان فه‌رموویانه ماناكـه‌ی سـوننه‌تی پێغه‌مبـه‌ری خوایـه ﷺ ، بۆیـه نابێت نكۆڵی له‌و فه‌رمودانه بكرێت كه‌وا صحیح و ڕاستن و چه‌سپاوه له پێغه‌مبه‌ری خواوه ﷺ .

چوار ته‌وه‌ر هه‌یه له‌سه‌ر زیاتر ڕوونكردنه‌وه‌ی ئه‌م بابه‌ته :

یه‌كه‌م : سوننه‌تی صحیح و چه‌سپاو وه‌كو قورئان پارێزراوه : خودا ده‌فـه‌رموێت : ﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الـذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ ﴾ ( الحجر : ٩ ) ، واته : به‌دڵنیاییه‌وه ئێمه ( ذكر ) مان نازڵ كردووه و هه‌ر ئێمـه‌ش ده‌یپـارێزین . وشه‌ی ( ذكر ) به واتای قورئان دێت و به واتای سوننه‌تیش دێت ، هه‌رچۆن خـودا ده‌فـه‌رموێت : ﴿ وَأَنْزَلْنَـا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ اليهم ﴾ ( النحل : ٤٤ ) ، واته : وه ( ذكر ) ( سوننه‌ت ) مان بۆ نازڵ كردی بۆ ئه‌وه‌ی به‌هۆیه‌وه ئه‌وه‌ی نازڵ كراوه بۆیان ( قورئان ) ڕوون بكه‌یته‌وه ، بۆ ئه‌وه‌ی بیربكه‌نه‌وه .

خودا ده‌فه‌رموویت﴿ فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴾ ( النحل : ٤٣ ) .

واته : پرسیار له ئه‌هلی ( ذكر ) بكه‌ن ئه‌گه‌ر نه‌تان زانی ، ئه‌هلی ( ذكر ) لێره‌دا زانایانن ، وه زانایانیش نابن به زانا هه‌تاكو شاره‌زاییه‌كی ته‌واویان نه‌بێت له قورئان و سوننه‌تدا . له‌مه‌وه زانیمان كه ئه‌هلی ( ذكر ) خـودی ئه‌و زانایانه‌ن كه شاره‌زای قورئان و سوننه‌تن ، وه له‌به‌ر ئـه‌وه‌ی سـوننه‌ت نیگـا( وه‌حـی ) یـه ، بۆیـه خـوای په‌روه‌ردگار به ره‌حمی خۆی كاری بۆ زانایان ئاسان كردووه كه بتوانن سوننه‌ت پاك ڕابگرن له هـه‌موو خڵته و پڵته‌یه‌ك كه سوننه‌ت نیه و هێنراوه‌ته نێو سوننه‌ته‌وه، ئه‌ویش له‌به‌ر ڕۆشنایی ئه‌م فـه‌رمووده‌ی پێغه‌مبـه‌ری خـودا ﷺ واته : ئه‌م زانسته ( تیگه‌یشتن له قرئان و سوننه‌ت ) له هه‌موو چینێكدا باشترن و چاكترین كه‌سیان هـه‌ڵی ده‌گرێت ، پاكی ده‌كه‌نه‌وه له لادانی گومرایان ، له هه‌ڵوه‌شانه‌وه‌ی پڕوپوچان ، وه له به‌هه‌ڵه ماناكردنی نه‌زانان

دووه‌م : گرنگترین هۆكار سوننه‌ته بۆ تێگه‌یشتن له قورئان :

هه‌ندێك فه‌رمان و داواكاری هاتووه له قورئـانی پـیرۆزدا ، وه سـوننه‌تیش هـاتووه بـۆ ڕوون كردنـه‌وه‌ی و درێژه‌ی باسه كورته‌كانی ، بۆ نمونه خودا فه‌رمانی كردووه به‌وه‌ی كه نـــوێژبكه‌ین بـــه شـێوه‌یه‌كی گـشتی بـــه‌بێ ورده‌كاری : ﴿ وَأَقِيمُواْ الصَّلاَةَ وَآتُواْ الزَّكَاةَ وَارْكَعُواْ مَعَ الرَّاكِعِينَ ﴾( سورة البقرة : ٤٣) ، واته : نوێژبكه‌ن و زه‌كات بده‌ن و كڕنوش ببه‌ن له‌گه‌ڵ كڕنوشبه‌ران . جا خودا ده‌فه‌رموێت نوێژبكه‌ن ، جا كه ویـستمان نوێـژ بكه‌ین به‌و شێوه‌ی كه خودا پێی خۆشه و ڕازییه پێی ، وه به‌و شێوه‌یه‌ش بێت كه پێغه‌مبه‌ری خودا ﷺ ئـه‌نجامی داوه ئه‌وا ده‌بێت بگه‌ڕێینه‌وه لای سوننه‌تی پێغه‌میه‌ری خودا ﷺ ، هه‌ر چۆن ده‌بێت بـۆ زانینـی چـه‌ند نوێـژ لـه ڕۆژێكدا یان له هه‌ر نوێژێكدا چه‌ند ركعه‌ت ده‌بێت بگه‌ڕێینه‌وه لای سوننه‌تی پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ .

جا بۆ ڕوون کردنەوەی نوێژ ، پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆژێك چووە سەر مینبەری مزگەوت و نوێژی کرد ، وە دواتر فەرمووی : " إنما فعلت ذلك لتأتموا بي و لتعلموا صلاتي فصلوا كما رأيتموني أصلي "[1]. دوای ئەوەی نوێژی بە بەرچاویانەوە کرد فەرمووی : ئەو کارەم کرد بۆ ئەوەی بیکەن و فێربن جا چۆن نوێژم کرد ئێوەش ئەوها بیکەن .

یان بۆ حەج کردنیش فەرمان تەنها بە شێوەی گشتی هاتووە لە قورئاندا ، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ شێوەکەی بە ووردی کردووە و باس کردووە کە دەفەرموێت : " خذوا عني مناسككم "[2]. واتە : چۆنیەتی ئەنجامدانی حەجتان لە منەوە وەربگرن .

سێیەم : سوننەت هەندێك حوکمی قورئان دەگۆڕێت و سنوور دانەری گشتگیرەکانە : لەو بەڵگانەی کە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە ئەم نموونەیە کە خودای گەورە ئەفەرموێت : ﴿ إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنْزِيرِ وَمَا أُهِلَّ بِهِ لِغَيْرِ اللَّهِ ﴾ ( سورة البقرة : ١٧٣ ) واتە : خوای گەورە تەنها ئەمانەی حەرام کردووە لێتان کە بیخۆن : لاکی مردارەوەبوو ، خوێن ، گۆشتی بەراز ، وە ئەو سەر بڕاوانەی کە ـ بۆ سەربڕین ـ ناوی غەیری خوای لەسەر هێنرابێت وە ، ئیتر لەبەر بت یان جنۆکە یان پاشا یان شەخص یان پیر سەربڕابێت . جا لێرەدا باسی مردارەوەبوو بەگشتی دەکات ، بە پێی ئایەتەکە هەموو مردارەوەبوویەك حەرامە بخورێت !! هەروەها باسی خوێن بە گشتی هاتووە ، ئەگەر بەپێی ئایەتەکە بێت هەموو خوێنێك حەرامە بوخورێت !! بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ ڕوونی کردووەتەوە بۆمان بە پێی ئەم فەرموودەیە : " أحل لنا ميتتان و دمان : فأما الميتتان فالسمك و الجراد ، و أما الدمان فالكبد و الطحال "[1] .

واتە : دوو خوێن و دوو گۆشتی مردوومان بۆ حەڵاڵ کراوە : جا دوو مردارەوەبووەکە ماسی و کوللەیە ، وە دوو خوێنەکەش جگەر و سپڵە . کەوابوو سوننەت سنووری بۆ حوکمی قورئان دانا لە گشتی یەوە بۆ تایبەتی و هەندیێ شتی لە حوکمە گشتیەکە دەرهێنا .

وە بەڵگەش بۆ ئەوەی سوننەت هەندێك حوکمی قورئان دەگۆڕێت ئەمەیە ، خودا دەفەرموێت : ﴿ كُتِبَ عَلَيْكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ إِنْ تَرَكَ خَيْرًا الْوَصِيَّةُ لِلْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ بِالْمَعْرُوفِ حَقًّا عَلَى الْمُتَّقِينَ ﴾ ( البقرة : ١٨٠ ) واتە : لەسەرتان نوسراوە هەر کات کەسێکتان کەوتە سەرەمەرگ وە ماڵ و داراییەکی لەپاش خۆی بەجێ هێشت ، با وەسیەت بکات کە باوك و دایك و خزمانی هەریەکە و بەشی خۆی لێبدات تا ببێتە مایەی خۆشەویستی و دڵخۆشکردنیان ، جا خەڵکانی خواناس و پارێزگار هەقە ئەم کارە بکەن . بەڵام لەم

---

[1] ( رواه البخاري : ٦٠٠٨ ).

[2] ( أخرجه مسلم ٣٨/٤ )

[1] ( أخرجه أحمد في المسند ٩٨/٢ ، و الشافعي في الرسالة ٤٢٥/٢ ، و ابن ماجة في السنن ٣٣١٤ ، والحديث صحيح )

www.ba8.org

فەرمودەیەدا ئەو حوکمە گۆڕاوە کە وەسیەت نامە بەشی خزمانی تێدابێت کە پێغەمبەری خـوا ﷺ دەفـەرموێت : " إن الله أعطى كل ذي حق حقه ، فلا وصــية لــوارث "[٢] . واتـە : خـودا حـەقی حەقـدارانی داوە ، جـا وەسیەت پەسەند نیە بۆ میرات گر .

آخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِلّه رَبِّ الْعَالَمِينَ

=====================

ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

لە دوعای خێر بێ بەشمان مەکەن

[٢] ( أخرجه أحمد في المسند ٤/١٦٤ ، و الترمذي في الجامع ٢١٢٢ ، النسائي في المجتبى ٦/٢٤٧ ، و ابن ماجة في السنن ٢٧١٢ ، و انظر صحيح الجامع للعلامة الالباني رقم ١٧٨٨ )

www.ba8.org